**واژۆکردنی دوو بەڵگەنامەی...** ٤



**رێگای دژواری دێموکراسی...** ٨



**بە وەستانی ژیانی سەرۆک...** ٩



**داهاتوویەکی لێڵ لە ژێر کاریگەری...** ١٠




**رۆڵی راگەیاندن لە پرۆسەی...** ١١



دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران

ژمارە ٥٩٦، شەممە، ١٦ی بەفرانباری ١٣٩١، ٥ی ژانویەی ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

### پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینییەوە

بە بۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینی و لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح پیرۆزبایی گەرم لە پەیڕەوانی ئایینی مەسیح لە هەموو جیهان، بە تایبەت لە پەیڕەوانی ئەو ئایینە لە ئێران و کوردستانی ئێران دەکەم، چونکە مەسیحییەکانی ئێران بە هۆی جیاوازی ئایینی، زیاتر لە ئازادیخوازانی دیکەی ئێران لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە ژێر زەخت و زۆردا دەژین.

هیوادارین کە ساڵی نوێ، ساڵی رزگاری پەیڕەوانی ئایینی مەسیح و هەموو ئایینەکان و نەتەوەکانی ئێران بێ.

بە ئاواتی رۆژانی پڕ لە جێژن و خۆشی بۆ هەموو لایەك

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی ـ مستەفا هیجری

٣١ی دێسامبری ٢٠١٢ی زایینی

## پـەیـڤ

ناهید حسێنی

### سێناریۆیەکی سواو

پێدانی پلە و پایە و پۆستی هەستیار لە دەوڵەتدا بە فەرماندەکانی سپای پاسداران دەستخۆشانەی ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری ئێران بوو بۆ پشتگیری و یارمەتییەکانی ئەو هێزە لە ناوبراو لە دەوری یەکەمی سەرۆك کۆمارییەکەیدا. ئەو دەستخۆشانەیە تا رادەیەك چووەپێش کە زۆربەی پرۆژە گەورە ئابوورییەکانی وڵات وەك وزە، رێگەوبان، سازکردنی بەنداو و موخابەرات و... هتد، کەوتە دەست ئەو هێزە و سپای پاسداران پۆستە هەستیارەکان و ئابووری وڵاتیان بە پشتیوانیی بێ دریغی سەرۆك کۆمار پاوان کرد.

بەڵام لە دەوری دووهەمی سەرۆك کۆماریی ئەحمەدی نژاددا و هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی ئەو قەیرانە ئابوورییانەی کە وڵاتی ئێران لەگەڵی بەرەوڕوو بوو، وێدەچێت ئەحمەدی نژاد وەك تیرێکی لە کەواندەرچوو رووی لە پشتیوانەکانی خۆی وەرچەرخاندبێت. مانگی گەلاوێژی ئەمساڵ بوو کە سەرۆك کۆماری ئێران لە رایەڵەی ئینتێرنێتیی «شبکە ایران»دا، بەری بوون لە «دانی ماڵیات بۆ ناوەند و دامەزراوەکان»ی خستە بەرباس و گوتی: «بۆ دەبێ ناوەندگەلێکی ئابووری گەورە وەك دامەزراوەی (تعاون سپاه)، (تعاون ناجا) یان قەرارگای خاتەمولئەنبیا کە خاوەنی پرۆژەگەلی زەبەلاحی ئابوورین لە دانی ماڵیات بەری بن؟».

هەروەها لە مانگی سەرماوەزی ئەمساڵیشدا سەبارەت بە کاریگەریی گەمارۆکان و دۆخی خراپی ئابووریی ئێران و دابەزینی بەهای ریاڵی ئێران، لە لێدوانێکدا باسی لە گەڕاندنەوەی هەندێ لە داراییەکانی سپای پاسداران بۆ دەوڵەت کردبوو. تەنانەت لە هاوینی ساڵی پاریشدا ناڕاستەوخۆ کاربەدەستانی سپای پاسدارانی بە «برادەرانی قاچاخچی خۆمان» ناوزەد کرد و وەك بینیشمان لە سەرماوەزی ئەمساڵیشدا، «رەزا تەقی پوور»ی کە یەکێك لە شەش فەرماندەکانی سپای پاسداران لە پۆستی وەزارەتدا بوو، لە پۆستی وەزارەتی پەیوەندییەکان لادا.

ئەم وتە و هەڵوێستانەی سەرۆك کۆمار وەك پەنجەی بە هێلانە زەردەواڵەدا کردبێت، فەرماندە پایە بەرزەکانی سپای پاسدارانی لە ناوبراو تووڕە و بێ هیوا کردووە بە چەشنێك کە لە راگەیاندنەکانی خۆیاندا، راشکاوانە ئەحمەدی نژادیان داوەتە بەر تیغی رەخنە و لۆمە. بەڵام سازکردنی ئەم شەڕە زێرنگەرانەیە و فریودانی رای گشتی لەبەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا چیدی بڕ ناکا و وەك سێناریۆیەکی گاڵتەجاڕانە و تاکتیکێکی سواو سەیری دەکرێ. ئەحمەدی نژاد لەگەڵ نزیکبوونەوە لە یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ئێراندا، دوا پەلەقاژەکانی خۆی بۆ پاککردنەوەی کارنامەی رەشی خۆی دەکات و لایەن و باڵەکانی ناو دەسەڵاتیش هەرکامەیان بە مەبەستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و هەڵلووشینی سەروەت و سامانی وڵات و خەڵکی بێ دەرەتانی ئێران، کەوتوونەتە کێبەرکێ و ئەوەی کەس نایگرێتە خۆی ئەو سیاسەت و کارکردە تا سەر ئێسقان هەڵەیە کە نەك هەرەسی بە ئابووری وڵات هێناوە، بەڵکوو لە رووی دیپلۆماسی و پەیوەندی نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤیشەوە، ئێرانی خستۆتە قەیرانێکی جیدییەوە.

# ساڵی ٢٠١٢ سووریە شەلاڵی خوێن بوو



ساڵی ٢٠١٢، خوێناویترین ساڵ لە مێژووی هاوچەرخی سووریەدا بوو.

بە پێی راپۆرتی هەواڵنێریی رۆیتێرز، ناوی پیلای، بەرپرسی کۆمیسارییای باڵای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، رۆژی چوارشەممە، دووی ژانویەی ٢٠١٣ رایگەیاند کە لە دەسپێکی قەیرانی سووریەوە تا ئێستا زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس لەم وڵاتەدا کوژراون.

پێشتریش لە راپۆرتێکی جیادا، رۆژی سێشەممە، یەکی ژانویەی ٢٠١٣ چاوەدێری مافی مرۆڤی سووریە کوژرانی زیاتر لە ٣٩ هەزار و ٦٢ کەس لە ساڵی ٢٠١٢دا بە دەستی هێزە سەربازییەکانی بەشار ئەسەدی پشتڕاست کردبووەوە.

بە پێی ئەم راپۆرتە، رامی عەبدولرەحمان، بەرپرسی چاوەدێری مافی مرۆڤی سووریە لە پێوەندییەکدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ئەلعەرەبیە لە لەندەندا جەختی کردەوە: «لە ماوەی ساڵی رابردوودا ٢٨ هەزار و ١١٣ کەسی سیڤیل، ٩٤٨٢ کەس لە هێزەکانی رێژیم و ١٠٤٠ کەس لەو سەربازانەی کە لە رێژیم جیا ببوونەوە کوژراون.»

رامی عەبدولرەحمان لە درێژەدا گوتی: «ساڵی ٢٠١٢ خوێناویترین ساڵ لە مێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتەدا بووە بە چەشنێك کە لە ماوی ئەم ساڵەدا رێژیمی بەشار ئەسەد هەموو جۆرە چەکێکی قورسی وەك تۆپخانە، مووشەك، بۆمبە هێشوویەکان و بۆردمانی ئاسمانی و زەوینیی بە دژی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر رکێڤی هێزە شۆڕشگێڕەکاندایە بەکار بردووە.

بەرپرسی چاوەدێری مافی مرۆڤی سووریە بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەیکە ئامارێکی درووست لە کوژراو و خەسارەکانی هێزەکانی رێژیمی سووریە لە بەردەستدا نییە، گوتی: «ئەگەر لەمەڕ کوژراوەکانی دوو لایەن تاوتوێکردنێکی ورد بەڕێوە بچێ، لەوانەیە ژمارەی قوربانییەکان بگاتە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس.»

## تێرۆریستەکانی سوپای قودس خزانە ژێر پێستی قاهیرەوە

رۆژنامەی کوەیتیی «ئەلقەبەس» لە زاری سەرچاوەیەکی پلەبەرزی تەناهی میسر بڵاوی کردووەتەوە کە قاسم سولێمانی، فەرماندەی سوپای قودسی کۆماری ئیسلامی ایران، ٢٦ تا ٣٠ دێسامبری رابردوو، لە قاهیرە پێتەختی میسردا بووە و لەم ماوەیەدا، لەگەڵ عەسام حەداد، بەرپرسی پێوەندییە دەرەکییەکانی نووسینگەی سەرۆك کۆماریی ئەم وڵاتە چاوپێکەوتن و وتووێژی کردووە.

ئەم وتووێژە لە نێوان دوو لایەندا لەسەر چۆنییەتی بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی رێکخراوە ئەمنییەکانی میسر لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێستای ئەم وڵاتە بووە، بە تایبەتی کە سولێمانی لەم بوارەدا شارەزا و کارناسە و لە پەرەپێدانی رکێڤایەتی رێژیمی ئێران بە سەر دەزگا ئەمنییەکانی ئەم وڵاتە دەستی بووە. ئەم چاوپێکەوتنە لە یەکێك لە هۆتێلە بەناوبانگەکانی قاهیرە بەڕێوە چووە و لەو ماوەدا، دەزگا ئەمنییەکانی سەر بە نووسینگەی سەرۆك کۆماری، بازنەیەکی ئەمنییان بە دەوری ئەم هۆتێلەدا پێك هێنابوو. هەروەها لەم ماوەدا، پێشیان بە هاتووچۆی هێزەکانی پۆلیسی سەر بە وزارەتی نێوخۆی میسریان بۆ نێو هۆتێلەکە گرتووە.

سەرچاوە ئەمنییەکانی میسر جەختیان کردوەتەوە کە رێبەرانی ئیخوانۆلمۆسلمین، ئاگاداری ئەم چاوپێکەوتنە بوون چونکوو ئەوان رێخۆشکەری سەفەری سولێمانی بۆ میسر بوون. بە پێی ئەم راپۆرتە، کاربەدەستانی وەزارەتی نێوخۆی میسر بە هۆی ئەوەیکە ئاگاداری ئەم سەفەرە نەبوون تووڕەن. سەرچاوە ئەمنییەکانی میسر دەڵێن کە رێکخراوی تەناهی نەتەوەیی میسر بە پێوەندییەکان و هاوئاهەنگی نێوان هەندێ لە بەرپرسانی ئێرانی و رێبەرانی ئیخوانۆلمۆسلمینیان لەمەڕ دامەزرانی هەواڵنێرییەکی ئێرانی لە نزیك ساختمانی سەرۆك وەزیرانی ئەم وڵاتەیان زانیوە.

موحەمەد مۆرسی، سەرۆك کۆماری میسر لە ئەندامانی گرووپی ئێخوانۆلمۆسلمینە کە دژبەرانی، ناوبراو و گرووپەکەی تۆمەتبار دەکەن کە لە هەوڵی بەلاڕێدابردنی ئارمانجە دێموکراتیکەکانی شۆڕشی میسر و زێدەکردنی رۆڵی ئایین لە حکوومەتدان.

## سێ ئێرانی براوەی خەڵاتی ئازادی رادەربڕینی هێلمەن ـ هەمێت

سێ ئێرانی لە نێوان براوەکانی ساڵی ٢٠١٢ی رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ دان.

چاوەدێری مافی مرۆڤ ٤١ نووسەری لە ١٩ وڵات وەك براوەی ئەم خولەی خەڵاتی ئازادی رادەربڕین «هێلمەن ـ هەمێت»، راگەیاند کە لە نێوانیاندا ناوی عیسا سەحەرخیز، کەیوان سەمیمی و هیلا سدیقی لە ئێرانیش دەبیندرێ.

چاوەدێری مافی مرۆڤ لەمبارەوە نووسیویەتی کە براوەکانی ئەم خەڵاتە ساڵانە بە هۆی چالاکییەکانی خۆیان و پابەندبوون لە هەمبەر ئازادی رادەربڕیندا، لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی حکوومەتگەلێکدا بوون کە هەوڵیان داوە پێش بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی و بیروڕایان بگرن.

ئەم براوانە، رۆژنامەوان، وێبلاگنووس، چیرۆکنووس، شاعیر و نمایشنامەنووسگەلێکن کە سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی حکوومەتەکانیان ژیانی تاکەکەسی و پیشەیی ئەوانی تووشی ئاڵۆزی کردووە. چاوەدێری مافی مرۆڤ، دامەزراوەیەکی نێونەتەوەییە کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی جیهاندا بڵاو دەکاتەوە و ئامانجی باشتربوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهاندایە.

عیسا سەحەرخیز و کەیوان سەمیمی رۆژنامەوانن و بە تۆمەتی بانگەشە بە دژی رێژیم لە زینداندان.

هیلا سدیقی، شاعیرە و بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە سەرکوتی نارەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لە ساڵی ١٣٨٨دا شێعری گوتبوو کە بوو بە هۆی ئەوەیکە حوکمی ٤ مانگ زیندانی هەڵپەسێراوی بۆ ببڕدرێتەوە.

خەڵاتی «هێلمەن ـ هەمێت» لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینی بۆ یادکردنی دشیل هەمێت، چیرۆکنووسی ئامریکایی و لیلیان هێلمەن، رۆژنامەوان و نمایشنامەنووسی ئامریکایی بۆ پاڵپشتی لە ئازادی رادەربڕین پێشکەش دەکرێ.

## کۆبوونەوەی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئوستralیا و ئەندام پارلمانێکی ئەو وڵاتە

محەممەد هاشمی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئوسترالیا لەگەڵ جۆن رۆبیرتسۆن ئەندام پارلمان و بەرپرسی ئۆپۆزسیۆنی پارلمانی ئەیالەتی «نیو ساوس وێلزی»ی ئوسترالیا کۆبووەوە.

پرسی کورد لە کوردستانی ئێران، پرسی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن رێژیمی ئێرانەوە و دەستێوەردانی رێژیمی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دیکە، کۆمەڵە بابەتێك بوون، لەو چاوپێکەوتنەدا باسیان لێ کرا.

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکرات، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، کار و تێکۆشانەکان و هەروەها خەبات و ئامانجی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، لەو کۆبوونەدا تیشکیان خرایەسەر و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

## بەڕێوەچوونی جێژنی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە «فالۆن و کارلستاد»ی سوێد

ڕێوڕەسمی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کارلستاد و بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بەڕێوەچوو.

سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز پاش ناساندنی بڕگە و بابەتەکانی ڕێوڕەسمەکە لەلایەن «حەمید سەرمەستی» وەکوو بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکە، دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کارلستاد، بەوبۆنەوە لەلایەن «موختار پاڵانی»یەوە خوێندرایەوە.

دواتر پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان، ژنان و کوردان لە شاری کارلستاد لەلایەن «محەممەد پاڵانی»یەوە خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا برووسکەی پیرۆزبایی پارتی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن بەڕێز «کۆچەر»ەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا دوو کورتە شیعر لەلایەن «محەممەد موختاری»یەوە خوێندرانەوە و پاشانیش دوو پەخشان لەلایەن «حەمیدە حەمدی» و «پتوول حەمدی»یەوە پێشکەش بە بەشداران کرا.

ئەو ڕێوڕەسمە بە گۆرانیی هونەرمەندان و شایی بەشداران کۆتایی پێ هات.

هەروەها بەبۆنەی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان و سەری ساڵی نوێی زایینی، ڕێوڕەسمێکی دیکە لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ فالۆن و یەکیەتیی کوردانی شاری فالۆن لەو شارەدا بەڕێوەچوو.

ئەو ڕێوڕەسمەش لەلایەن «حوسێن ئیبراهیمزادە»وە بڕگەکانی بە بەشداران ناسێندرا.

دواتر پەیامی کۆمیتەی حیزب لە شاری فالۆن و یەکیەتیی کوردان لەو شارە لەلایەن «جەمیل عوزەیری»یەوە خوێندرایەوە.

لە کۆتاییشدا خوێندنەوەی پەخشانێك لەلایەن «مەولوود ئازەرئەفشان» پێشکەش کرا.

## چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات بە بۆنەی شەوی یەلدا لە گوندی نییەر

شەوی ٣٠ی سەرماوەز ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی «نییەر» بە بڵاوکردنەوەی دەنگی «ئەحمەد شێربەگی» بێژەری ساڵەکانی پێشووی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران چالاکیان بەڕێوە برد.

هەر لەو پێوەندییەدا دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات گۆرانیی شۆڕشگێڕانەشیان بڵاو کردۆتەوە و یادی ٨٢هەمین ساڵرۆژی هەڵاتنی خۆری ئازادییان بەرز و پیرۆز راگرت.

## چالاکێکی سیاسیی کورد، خەڵکی شاری دیواندەرە گیانی لەدەست دا

چالاکێکی سیاسیی شاری دیواندەرە لەگەڵ کچەکەی بەهۆی رووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەست دا.

سەدیق کەریمیان هاوڕێ لەگەڵ کچەکەی بەناوی «سنوور» لە جادەی ساوە بەهۆی رووداوی هاتووچۆ گیانیان لەدەست دا.

سەدیق کەریمیان فەرمانبەری خانەنشینکراوی شارەوانیی مەریوان و لە دایکبووی ئاوایی «مەران»ی سەربە شاری دیواندەرە بوو.

ئەو چالاکە سیاسییە ئامۆزای حەسەن کەریمیان شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

تەرمی کاك سەدیق و سنوور لە گۆڕستانی شاری دیواندەرە بەخاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەدیق کەریمیان و خەڵکی ناوچەکە دەکات.

## چالاکی تێکۆشەرانی دێموکرات بەبۆنەی شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو

بەبۆنەی شەوی یەلدا، درێژترین شەوی ساڵ و شەوی لە دایکبوونی رێبەری گەلی کورد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لەلایەن ئەندامانی حیزبی دێموکراتەوە لە ناوچەی چۆمی چەغەتوو چالاکی تەبلیغی بەڕێوەچوو.

ئەو چالاکییانە لە گوندی «حاجی ئاوا» لە ناوچەی چۆمی جەغەتوو ئەنجام دراوە.

لەم چالاکییەدا ئەندامان و تێکۆشەرانی دێموکرات مزگەوت و قوتابخانە و شوێنە گشتییەکانی ئەو گوندەیان بە وێنەی دوکتور قاسملوو رازاندبووەوە.

پێشتریش لە گوندی «نێ»ی ناوچەی مەریوان بەبۆنەی شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو چالاکی تەبلیغاتی لەلایەن ئەڤیندارانی ئەو مرۆڤە مەزنەوە ئەنجام درابوو.

## هێزە ئیتلاعاتییەکان ٣ هاووڵاتیی کوردیان لە سەرپێڵ زەهاو دەستبەسەر کرد

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند رۆژ پێش ئێستا لە یەکێك لە گوندەکانی سەر بە شاری سەرپێڵی زەهاو، ٣ هاووڵاتیی کورد لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزراون.

هەواڵنێری کوردپا ناسنامەی ئەو ٣ هاووڵاتییەی «قارەمان رەحمانی» کوڕی کەریم، «فەرمان رەحمانی» تەمەن ٣٩ ساڵ، کوڕی قارەمان و «عەسکەر رەحمانی» تەمەن ٤٦ ساڵ راگەیاندووە.

ئەو ٣ هاووڵاتییە خەڵکی گوندی «دەنگی» سەربە بەخشی «پشت تەنگ»ی شاری سەرپێڵ زەهاون و یەکێك لەو دەستبەسەرکراوانە زیاتر لە ٨٠ ساڵ تەمەنی هەیە.

شایەتحاڵێك بە هەواڵنێری کوردپای راگەیاندووە: هەرکام لەو ٣ هاووڵاتییانە رۆڵەیەکیان ئەندامی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئیسلامی ئێرانە.

هەروەها لە کۆتاییەکانی مانگی پووشپەڕی ئەمساڵیشدا، هاووڵاتییەکی کورد بەناوی «سەعید دارابی» لە گوندی «ئەلیاسی» سەربە بەخشی «پشت تەنگ» بە دەستی هێزە ئیتلاعاتی و ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران گیانی لێ ئەستێندرا و دواتر برای ئەو هاووڵاتییە بە ناوی «خالید دارابی» لەلایەن ئەو هێزانەوە دەستبەسەر کرا.

## بەشداریی شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە دانمارک لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەرەفەدین ئەلچی

ڕێکەوتی ٩ی بەفرانبار ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەرەفەدین ئەلچی لەلایەن فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە دانمارك بە بەشداریی شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ شیلەندی دانمارك، پێکهاتوو لە سەعید تێهرانی و فەرهاد عەبدوڵڵاپوور، بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کورتە فیلمێك لەسەر ژیانی سیاسیی شەرەفەدین ئەلچی پیشان درا و دواتریش پەیامی لایەنە بەشدارەکانی ئەو ڕێوڕەسمە، خوێندرانەوە.

شەرەفەدین ئەلچی سیاسەتڤانی ناوداری کوردی تورکیە و ئەندام پارلمانی سەربەخۆی ئەو وڵاتە، لە تەمەنی ٧٥ ساڵی بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە شاری ئانکارا پێتەختی تورکیە کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو لە چەندین پارتی سیاسی چالاکیی هەبووە و دواتریش لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی ٢٠١١ی زایینیی تورکیە، وەکوو ئەندام پارلمانی سەربەخۆی شاری ئامەد درێژەی بە چالاکی داوە.

## لێپرسراوانی زانکۆی زەنجان لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بنکەی فەرهەنگیی ڤەژین دان

بەرپرسانی حەراسەتی زانکۆی زەنجان زەخت و گوشاریان خستۆتە سەر بەڕێوەبەرانی بنکەی کولتووری ـ کۆمەڵایەتیی ڤەژین کە تایبەتە بە خوێندکارە کوردەکان و داوایان لێ کردوون کە ئەو بنکەیە بەجێ بهێڵن.

چەند رۆژ لەمەوبەر سەلاحەدین مستەفاپوور بەڕێوەبەری گشتیی بنکەی کولتووری ـ کۆمەڵایەتیی ڤەژین بانگهێشتی حەراسەتی زانکۆی زەنجان کراوە.

بەرپرسانی حەراسەت بەو خوێندکارە کوردەیان راگەیاندووە، دەبێ دەست لە چالاکی هەڵبگرێ و بەرپرسیارێتیی ئەو بنکەیە نەکات.

بنکەی ڤەژین تایبەت بە خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی زەنجان و لە بواری فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردەواریدا چالاکی دەکات.

## لە ئێران ساڵانە ٤ هەزار کەس بەهۆی تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان گیان لەدەست دەدەن

لە ئێران ساڵانە ٤ هەزار کەس و لە هەر رۆژێکدا ١١ کەس بە هۆی بەکارهێنانی مادەی سڕکەر گیان لەدەست دەدەن.

یەکێك لە لێپرسراوانی ستادی خەبات بە دژی مادە سڕکەرەکان لە پارێزگای سنە بە هەواڵدەریی «ئیسنا»ی راگەیاندووە، پێویستە پەرە بە ناوەندەکانی تەرکی ئیعتیاد بدرێت و لەو پێوەندییەدا بوودجە بۆ ئەو شوێنانە تەرخان بکرێت.

نەبوونی ناوەندێکی خەمخۆر و سیستمێکی تەندروستیی بارهێنان وای کردووە کە رۆژ لەگەڵ رۆژ رێژەی تووشبوان بە مادە سڕکەرەکان لە ئێران روو لە زیادبوون بکات.

بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە کراون لەسەدا ٤٥ی قوتابییان و خوێندکارانی ئێران لە بەکارهێنەرانی مادەی سڕکەرن و ناوەندە پێوەندیدارەکانیش هەتا ئێستا هیچ هەوڵێکیان بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە نەداوە.

بەپێی دوایین ئاماری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێران زیاتر لە ٧٠ لەسەدی تووشبوان بە نەخۆشیی ئیدز لە ئێران تووشی مادە هۆشبەرەکان بوون.

لە کۆی گشتیی ئەو بەکارهێنەرانە ٩٠٪یان تەمەنیان لە خوار ٢٩ ساڵ دایە.

## دەقی نامەی ١١ زیندانی سیاسی لە زیندانی رەجایی شاری کەرج بۆ کۆمیسارییای باڵای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

کۆمیسارییای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێزدار خاتوو ناوی پیلای:

هەر وەك بەڕێزت و هاوکارانتان و بەرپرسانی پێشووی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگادارن، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٣٣ ساڵی رابردوودا نیشانی داوە یەکێك لە گەورەترین پێشێلکارانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت رەخنەگرانی نێوخۆیی و تەنانەت پەنابەرانی سیاسی دەرەوەی وڵاتیش بووە.

رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بارەی رێژەی ئێعدامەکان، ئەشکەنجە، زیندانەکان، کوشتارەکان، تیرۆری بێبەزەییانەی نێوخۆیی و دەرەوە، داخستنی رۆژنامەکان، سەرکوتی هاووڵاتییان، دەرکردن و هەڕەشەکردن لە هەژاران، دروستکردنی دۆسیە بۆ هاووڵاتییانی بێ تاوان، هەڵاواردنی زمانی و ئیتنیکی، چوونەسەرێی رێژەی منداڵانی سەرشەقام، زیادبوونی رێژەی بێکاری، مادەی هۆشبەر، بێبەشکردن لە خوێندن، رووداوەکانی هاتوچۆ، ناردنی پاڕازیت بۆ ماهوارەکان، پچڕاندنی هێڵی ئینتێرنێت، کۆنترۆڵی نامە و ئیمەیلی هاووڵاتییان، سەرکوتی کۆبوونەوە و ناڕەزایەتیی هێمنانەی هاووڵاتییان، رێگری لە پێکهێنانی رێکخراو و پێشێلکردنی سەرجەم بڕگەکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ سەرەڕای مەحکوومکردن و هۆشدارییەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، هەتا ئێستا لە پلەی یەکەمدایە.

رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو هەموو جینایەتە بەسندەی نەکردووە و زۆرترین مافی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی (پەسند کراوی خۆی) لەهەمبەر پارێزەراندا پێشێل کردووە و تەنیا بە تاوانی دیفاع لە زیندانیان مۆڵەتی پارێزەری لێ هەڵوەشاندوونەتەوە و بە زیندانی درێژ ماوە مەحکوومی کردوون.

ئیمە زیندانییانی سیاسیی واژۆکاری ئەم بەیاننامەیە، داوا لە رێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرجەم ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و مرۆڤ دۆست دەکەین کە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم بکەن و بە هەر شێوەیەك کە دەکرێ لە راستای حوکمی زیندانی و هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی پارێزەریی محەممەد سەیفزادە، نەسرین ستوودە، ناسر زەرئەفشان، محەممەد عەلی دادخاە، فەتاح سوڵتانی، هووتەن کیا، خەلیل بەهرامیان و پاریزەرانی دەروێشەکانی گوناباد و سەرجەم پاریزەرە ونناوەکانی دیکە بە کردەوە هەنگاو هەڵبگرن.

واژۆکاران: شاهرۆخ زەمانی، رەسووڵ بوداغی، ساڵح کوهەندڵ، میساق یەزدان نژاد، سەعید ماسوری، عەلی جەباری، ئەفشین ئۆسانلوو، رەزا شەریفی بۆکانی، ئەفشین حەیرەتیان، جەعفەر ئێقدامی، خالید حەردانی

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی «پیران»ی پیرانشار کۆچی دوایی کرد

ئامین ئەمینپوور ئەندامی حیزبی دێموکرات و خەڵکی ناوچەی «پیران»ی پیرانشار، بەهۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

دایە ئامین ئەمینپوور کچی عەلی و لە دایك بووی ئاوایی «گرداشەوان» و دانیشتووی شاری پیرانشار لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دایە ئامین ژنێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر و هەروەها ئەندامێکی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و لە کاتی خەباتی چەکداریدا ماڵەکەی کردبووە شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات.

دایە ئامین بە بەردەوامی دەیوت کە من کوردم و بۆ کوردایەتی تێدەکۆشم و هەر ئەو هەڵوێستانەشی ئەو ژنە تێکۆشەرەی لە ناو خەڵکیدا خۆشناو جێی متمانە کردبوو.

تەرمی ئامین ئەمینپوور لەنێو ئاپۆڕای خەڵکدا لە رێکەوتی ١٠ی بەفرانبار لە گۆڕستانی «کۆنەخانێ» بەخاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئامین ئەمینپوور و خەڵکی ناوچەکە دەکات.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## هاووڵاتیەکی کورد بە تەقەی هێزە ئینتزامییەکان کوژرا

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، سەرلە ئێوارێی رۆژی هەینی، رێکەوتی ١ی بەفرانبار هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «دڵشاد پیروزی» کوڕی عەلی تەمەنی ١٨ ساڵ و خەڵکی گوندی «گرۆیس»ی شاری سەردەشت، لە ناوچەی «قانقا بەردانێ» بە تەقەی راستەوخۆی هێزە ئینتزامییەکان حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کوژرا.

ئەو هاووڵاتییە لە کاتێکدا کە بە ماشێنەکەی خۆی بەرەوە ماڵەوە گەڕاوەتەوە لەلایەن ئەو هێزانەوە دەستڕێژی لێکراوە و لە ئانجامدا گیانی لەدەست داوە.

## یەکەمین خەڵاتی ساڵانەی «چرۆ» لە شاری سنە بەڕێوە دەچێت

یەکەمین رێوڕەسمی خەڵاتی ساڵانەی «چرۆ» لە دوو بەشی کتێب و رۆژنامەوانیدا، لەلایەن «دووحەفتەنامەی چرۆ»وە بەڕێوە دەچێت.

ئەو خەڵاتە بەو کەسانەی کە بە زمانی کوردی کتێبیان نووسیوە، دەدرێت و هەروەها ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لەو بوارەدا چالاك بوون خەڵات دەکرێن.

بەپێی هەواڵی بەشی بەڕێوەبەری رێوڕەسمی خەڵاتی ساڵانەی «چرۆ»، ئەو رێوڕەسمە مانگی بانەمەڕی ساڵی داهاتوو لە شاری سنە بەڕێوە دەچێت.

دوو حەفتەنامەی «چرۆ» کە تایبەتە بە بوارەکانی فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتی رێکەوتی ٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٩١ هاتە ریزی چاپەمەنی و گۆڤارەکانی کوردستانی ئێرانەوە.

## دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی سەڵماس بە زیندان مەحکووم کران

هەواڵدەریی هرانا بڵاوی کردەوە، دلاوەر بادکان کوڕی محەممەد و کەیوان ئەحمەدی کوڕی رەشید بە تۆمەتی هاوکاریی لەگەڵ حیزبێکی دژبەری رێژیمی ئێران سەرجەم بە ٤ ساڵ و شەش مانگ زیندان مەحکووم کران.

دلاوەر بادکان پێشتریش بۆ ماوەی چەند جار دەسبەسەر و لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتدا راگیرابوو.

ئەو هاووڵاتییە دوای ماوەیەك راگیران لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتدا بە دانانی وەسیقە ئازاد کرابوو.

## زیندانییەکی سیاسیی کورد سەرەڕای تەواو بوونی حوکمەکەی، ئیزنی ئازاد کرانی نادرێت

زیندانییەکی سیاسیی کورد پاش تەواو کردنی حوکمی ٢٠ ساڵەی خۆی، لەلایەن بەرپرسانی زیندانی «ورمێ»وە ئیزنی ئازاد کرانی نادرێت.

بەرپرسانی زیندانی ورمێ سەرەڕای تەواو بوونی ماوەی مەحکوومیەتی عەلی سادقی، پێش بە ئازادیی ئەو زیندانیە سیاسییە کوردەیان گرتووە.

هەواڵدەریی هرانا بڵاوی کردەوە، بەرپرسانی زیندان رایانگەیاندووە کە لە ئیدارەی ئیتلاعاتەوە حوکمی ئازادیی «عەلی سادقی»یان پێ رانەگەیەنراوە هەربۆیە پێش بە ئازادیی ناوبراو گیراوە.

٢٠ ساڵ پێش ئێستا عەلی سادقی بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبێکی کوردیی دژبەری رێژیمی ئیسلامیی ئێران دەسبەسەر کرا و بڕیار بوو لە مانگی رەزبەری ١٣٩١دا ئازاد بکرێت.

پێشتریش سەباح حوسێنپەناهی چالاکی سیاسیی کورد سەرەڕای تەواو بوونی حوکمەکەی، بەرپرسانی زیندانی شاری قوروە ئیزنی چوونەدەر لە گرتووخانەیان پێ نەدابوو.

رێکەوتی ١٨ی خەزەڵوەر سەباح حوسێنپەناهی وێڕای ئەوەی کە ماوەی حوکمەکەی تەواو ببوو، بەهۆی نارەزایەتی دەربڕین بە نارِوونیی دۆسیەکەی ماوەی ١٣ رۆژ خرابووە ژووره تاکەکەسییەکانی زیندانی شاری قوروەوە.

## دیاردەی دزینی مەڕوماڵاتی هاووڵاتییانی کورد لەلایەن هێزەکانی رێژیمی ئێرانەوە بەردەوامە

رێکەوتی ١٠ی بەفرانبار، هێزەکانی رێژیم لە گوندی «هانە گەرمەڵە» تەقەیان لە ماشینی هاووڵاتییەکی هەڵگری مەڕوماڵات کردووە و پاش راگرتنی ئەو ماشینە دەستیان بەسەر تێکڕای ئەو مەڕوماڵاتانەدا گرتووە.

بەوتەی هاووڵاتییەکی خەڵکی ئەو ناوچەیە، هێزەکانی رێژیم پاش زەوت کردن، بەشێکی بەرچاوی ئەو ئاژەڵانەیان لە نێو هێزەکانی رێژیم لەو ناوچەیەدا بڵاو کردووەتەوە.

هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری مەریوان بە هاوکاریی هێزی ئینتزامی، رژابوونە نێو گوندی «نێ» لە ناوچەی مەریوان و دەستیان بەسەر ١١٥ سەر مەڕی هاووڵاتییانی ئەو ئاوایییەدا گرت.

بیانووی ئەو هێزانە لەم کردەوە دزێوەدا هەبوونی شتومەکی قاچاخ لە نێو ماڵی هاووڵاتییاندا بووە و لە ئەنجامیشدا دەستیان بەسەر ١١٥ مەڕی هاووڵاتییاندا گرت.

لە گوندی «دزڵی»ی ناوچەی هەورامانیش ئەو دیاردەیە رووی داوە و لە چیایەك بەناوی «رەنگین» ٢٤٠ سەر مارِ و ماڵاتی هاووڵاتییان لەلایەن هیزە ئینتزامییەکانی رێژیمی ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو.

لە گوندی «دەرەکێ»یش هێزەکانی پاسگای ژاڵانە دەستیان بەسەر ٤٠ سەر لە مەڕ و ماڵاتی ونبووی هاووڵاتییاندا گرتبوو و پاش سەربڕین لە نێو هێزەکانی رێژیم لە پاسگاکانی ناوچەکەدا بڵاویان کردبووەوە.

## لە ناوچەی «ئالان»ی سەردەشت هێرش کرایە سەر کۆڵبەر و کاسبکارانی کورد

شەوی شەممە رێکەوتی ٩ی بەفرانبار هێزە نیزامییەکانی رێژیمی ئێران رژانە نێو ئاوایی «بێژوێ» و دەستیان بەسەر کەلوپەلی هاووڵاتییاندا گرت.

هەر لەو پێوەندییەدا خەڵکی ئاوایی «بێژوێ» پەرچەکرداریان بەو هەوڵەی هێزەکانی رێژیم نیشان دا و کەلوپەلەکانیان لەو هێزانەوە ئەستاندەوە.

بە وتەی شایەتحاڵان، لە کاتی ئەستاندنەوەی کەلوپەلەکان، تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵك و هێزە نیزامییەکانی رێژیم هاتە ئاراوە.

## مامۆستایەکی کوردی یەکێک لە خوێندنگەکانی تاران بە ناچاری ئێرانی بەجێهێشت

مامۆستا و چالاکێکی کورد بەهۆی زەخت و گوشاری هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمی ئێران، رێگای هەندەرانی گرتە بەر.

عەباس کاکایی چالاکی خوێندکاریی خەڵکی شاری قوروە، لە پارێزگای سنە، ساڵی ١٣٨٨ بۆ ماوەی یەك ساڵ زیندانی کراوە و دوای ئازاد بوونی بە بەردەوامی لەژێر چاوەدێریدا بووە.

هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، ئەو چالاکە خوێندکارییە خوێندنی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی لە زانکۆی تاران تەواو کردووە و مامۆستای یەکێك لە خوێندنگەکانی تاران بووە.

لەماوەی چەند مانگی رابردوودا ژمارەیەك لە چالاکانی سیاسی، فەرهەنگی، خوێندکاری و مەدەنیی کورد بەهۆی زەخت و گوشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، بە ناچاری ئێرانیان بەجێهێشتووە.

حەسەن مەلاك، دیاکۆ خەیات، سوهراب کەریمی، بەفرین حوجەتی و نیشتمان حوسێنی، ئەو چەند کەسەن کەلە ماوەی ٢ هەتا ٣ رابردوو پەریوەی هەندەران بوون.

## لە ناوچەی نەوسوود هێرش کرایە سەر کۆڵبەر و کاسبکارانی کورد

هێزە نیزامییەکانی رێژیمی ئێران لە درێژەی زەخت و گوشارەکانیاندا، کەلوپەلی کۆڵبەر و کاسبکارانی سەر سنووری ناوچەی نەوسوودیان زەوت کرد.

ئەو هێزانە لە خاڵی سنووریی «قەڵاگا»ی سەر بە شاری نەوسوود دەستیان بە زەوت کردنی کەلوپەلی کۆڵبەران کردووە. دواتریش چەند ئەسبی بارهەڵگری کاسبکارانیش لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی رێژیمی ئێران کوژران.

## تەقینەوەی کەپسوولی گاز گیانی ٢ هاووڵاتی کوردی ئەستاند

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ١٠ی بەفرانبار دایك و کوڕێکی دانیشتووی گەڕەکی «پاشاخانی»ی شاری «کەنگاوەر» بە هۆی تەقینەوەی کەپسوولی گاز گیانیان لە دەست دا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو رووداوە بە هەواڵنێری کوردپای راگەیاند: ئەو تەقینەوە بە هۆی ناستاندارد بوونی کەپسوولی گازەوە هاتۆتە ئاراوە و لە ئەنجامدا ٢ هاووڵاتی بە ناوەکانی «گوڵێ تاجەدینی» تەمەن ٧٠ ساڵ و کوڕەکەی بە ناوی «شەمسەدین تاجەدینی» تەمەن ٥٠ ساڵ بونەتە قوربانی.

ساڵانە بە هۆی ناستاندارد بوونی کەرەستە گازییەکان و کەمتەرخەمیی ناوەندەکانی چاوەدێری بەسەر کارگەکانی بەرهەم هێنانی ئەو کەرەستانەدا دەیان هاووڵاتی تووشی کارەسات دەبن.

ئەوە لە کاتێك دایە تەنیا لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە وڵاتی ئێران زیاتر لە ٢٠٠ هاووڵاتی بەهۆی رووداوی پەیوەندیدار بە گازەوە گیانیان لەدەست داوە.

## فەرمانبەرانی سەربە شیرکەتی گازی سنە و کرێکارانی کوشتارگای پاوە دەستیان دایە مانگرتن

نزیك بە ٣٠ فەرمانبەری شیرکەتی گازی سنە بەهۆی کەمیی مووچەکانیان نارەزایەتییان دەربڕی و ئەو فرمانبەرانە لەو بڕوایەدان کە مووچەی ٤٥٠ هەزار تمەنی مانگانەیان وەڵامدەری پێداویستییەکانی ژیانیان نییە.

ئەو مانگرتووانە وتوویانە، بەڵێنییەکانی تەعاونی سینفیی کارمەندان کە بڕیار بوو پێداچوونەوە پێداویستییەکانی فەرمانبەران و کرێکارانی شیرکەت گازی سنە بکات هەتا ئێستا وەدی نەهاتووە.

هەر لەو پێوەندییەدا ماڵپەڕی کۆمیتەی هاودەنگی بۆ پێکهێنانی دامەزراوە کرێکارییەکان بڵاوی کردەوە، کرێکارانی کوشتارگای شاری پاوە بەهۆی کەمیی مووچە و نەبوونی ئیمکاناتی تەندروستی مانیان لەکار کردن گرتووە.

## زەخت و گوشار بۆ سەر کۆڵبەران و کاسبکاران لە ناوچەی سەردەشت بەردەوامە

رێکەوتی ١٣ی بەفرانبار کەلوپەلی کۆڵبەران و کاسبکارانی ئاوایی «مێرگاسێ»ی سەربە سەردەشت لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانەوە زەوت کرا.

بەوتەی شایەتحاڵان باری ئەو کۆڵبەر و کاسبکارانە تەنیا جلوبەرگی کۆن (تانەکۆرا) بوو.

## یەکێکی دیکە لە قوتابییانی رووداوی شیناوێ کۆچی دوایی کرد

سارینا تەمەن ١٠ ساڵ و قوتابیی پۆلی چواری سەرەتایی قوتابخانەی شیناوێ، دوای زیاتر لە سێ حەفتە بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ، بەهۆی زۆریی سووتانەکەی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

رێکەوتی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩١ی هەتاوی پۆلی چواری سەرەتایی قوتابخانەی ئاوایی شیناوێ لە پیرانشار بەهۆی تەقینەوەی کوورەی نەوتی ٣٧ قوتابیی ئەو پۆلە بوون بە قوربانی.

تا ئێستا دوو قوتابیی بەهۆی زۆریی پلەی سووتانەکەیان گیانیان لەدەست داوە.

بە هۆی ناڵەبار بوونی باری تەندرووستی ژمارەیەك لە قوتابییە سووتاوەکانی قوتابخانەی شیناوێ بڕیار وایە رەوانەی نەخۆشخانەی شارەکانی دیکەی ئێران بکرێن.

لەحاڵی حازردا سێ قوتابیی دیکە بە ناوەکانی ئامینە، سەمیرا مەعرووفی و موبینە رەوانەی نەخۆشخانەی شاری مەشهەد لە باکووری رۆژهەڵاتی ئێران کراون.

## هاوسەری شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان لە شاری سەقز کۆچی دوایی کرد

دایە فاتمە خێزانی شەهید «عەبدوڵڵا بێخانی» دوای نەخۆشییەکی درێژ خایەن، لە شاری سەقز کۆچی دوایی کرد.

دایە فاتمە ژنێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر بوو و هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی بە رێبازی رزگاریی کوردستان وەفادار مایەوە و هەروەها شانازیی بە هاوسەرییەتی شەهید عەبدوڵڵا دەکرد.

## ئەندامێکی حیزب لە ناوچەی پیران کۆچی دوایی کرد

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، چەند رۆژ لەمەوبەر ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی پیرانی پیرانشار کۆچی دوایی کرد.

کاك فەتحوڵڵا ئەرجومەندی کەسێکی خۆشناو و جێگای باوەڕی خەڵکی ناوچەکە بوو و وەك کەسێکی نیشتمان پەروەر لە ناو خەڵکیدا ناسرابوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە کەس وکاری دایە فاتمە و کاك فەتحوڵڵا ئەرجومەندی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە شاری نەغەدە ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

رێکەوتی ٨ی بەفرانباری ١٣٩١ی هەتاوی، حاجی مەلا ئیبراهیم فەتحی بە هۆی راوەستانی دڵ لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو مرۆڤێکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر و تێکۆشەرێکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

مامۆستا مەلا ئیبراهیم پاش خوێندنی وانە ئایینییەکان، دەبێتە پێشنوێژی گوندی «کامووس» و پاشان دەچێتە گوندی «کەرێزە» و هەتا ساڵی ١٣٥٧ لە مزگەوتی ئەو گوندەدا خزمەت بە خەڵك دەکات.

ساڵی ١٣٣٧ بەهۆی هاوکاریی تێکۆشەرانی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی ١١ مانگ لە شاری مەهاباد زیندانی کرا.

ساڵی ١٣٤١ بووەتە ئەندامی حیزبی دێموکرات و هەتا ساڵی ١٣٦٣ ئەرکە حیزبییەکانی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەڕێوە بردووە و دواتریش لەسەر ئیزنی حیزب گەڕاوەتەوە کوردستان و وەکوو ئەندامێکی نهێنیی حیزب درێژەی بە چالاکی و تێکۆشان داوە و هەتا دوا ساتەکانی ژیانی بە رێبازی حیزب و گەل وەفادار مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای دەربڕینی هاوخەمی، سەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵەی مەلا برایم دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد

موتەلیب ئەمینی باوکی عەبدوڵڵا ئەمنیی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەڵکی شاری مەهاباد لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

عەبدوڵڵا ئەمینی کادری کۆمیتە شارستانی مەهاباد بوو و رێکەوتی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٦٦ لەلایەن رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە شەهید کرا.

هەر لەو پێوەندییەدا دایکی شەهیدێکی دیکەی رزگاری کوردستان لە ناوچەی هەورامان کۆچی دوایی کرد.

## دایکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان لە شۆشمێ کۆچی دوایی کرد

دایە هەمین ئەحمەدی خەڵکی گوندی شۆشمێ لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

دایە هەمین دایکی سەروەت ئەحمەدی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی، سەرەخۆشی لەبنەماڵە و کەس وکاری دایە هەمینی و کاك موتەلیب دەکات.

# واژۆکردنی دوو بەڵگەنامەی مرۆیی و گشتگیر، هۆکارەکان، پێویستییەکان و ڕێوشوێنەکان

■ ڕاپۆرت: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

«زۆر جار ئەفکاری نادێموکراتیك و هەڵاواردن تەنانەت لە مێشکی ئەو کەسەیشدا هەیە کە خۆی پێ دێموکراتە، چوونکە حوکم نیە ئاگاهانە بێ». ئەمە وتەی دوکتور میرۆ عەلیار، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕەوتی وتووێژێکە کە سەبارەت بە واژۆکرانی دوو بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی لەسەر پاراستنی مافەکانی ژنان و منداڵان لە لایەن ئەم حیزبەوە لەگەڵی بەڕێوەمان برد. حیزبی دێموکرات وێڕای چوار ڕێکخراوی سیاسیی دیکەی کوردستانی ئێران، لە ڕێکەوتی ١٤ی دێسامبری ٢٠١٢دا لە ژنێڤی سوئیس، دوو بەڵگەنامەی سەر بە ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵی (بانگەوازی ژنێڤ) واژۆ کرد کە بریتین لە، «بەڵگەنامەی پابەندبوون بە بانگەوازی ژنێڤ بۆ قەدەغەکردنی توندوتیژیی سێکسی لە بارودۆخی ناکۆکیی چەکداریدا و بەرەو لەنێوبردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی» و «بەڵگەنامەی پابەندبوون بە بانگەوازی ژنێڤ بۆ پاراستنی منداڵ لە کاریگەریی ناکۆکییە چەکدارییەکان». حیزبی دێموکرات بە واژۆکردنی ئەو بەڵگەنامانە، لە پێوەندی لەگەڵ بەندە جەخت لەسەرکراوەکانیان ئەرکدار دەبێ. د.میرۆ عەلیار کە بە نوێنەرایەتی لە حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی پێوەندیدار بەو واژۆکردنەدا بەشداری کردووە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە گرینگترین گەرەنتی بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەو بەڵگەنامانە، «ئامووزش، ئامووزش، ئامووزش»ە. گۆڕینی بیرۆکەی نادێموکراتیك و هەڵاواردنی دژ بە ژنان و منداڵان کارێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی دەوێ، بە شێوەیەك کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا هێزێکی زۆری مرۆیی، ڕێکخراوەیی و حکوومەتی لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجە بەرزانە تەرخان دەکرێن، چ بگات بەوەی کە لە کۆمەڵگایەك وەك کۆمەڵگای کوردستانی ئێران کاری بۆ بکرێ کە دەسەڵاتێکی نادێموکراتیك و سەرەڕۆی وەك کۆماری ئیسلامی بەسەریدا زاڵە، دەسەڵاتێك کە بە پێی یاسا بنەڕەتییەکەی پەرەپێدەر و پشتیوانیکەری هەڵاواردن بەتایبەتی دژ بە ژنانە. ڕۆژنامەی «کوردستان» بۆ زیاتر وردبوونەوە لە بەندەکانی ئەو دوو بەڵگەنامە مرۆییە و ئاشنابوون لەگەڵ بۆچوونی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ پێویستی واژۆکردنیان و کارکرد و شێوازی جێبەجێکردنیان، ئەم ڕاپۆرتەی ئامادە کردووە.

## * ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ و کارکردی

هەر دوو بەڵگەنامە ئاماژەپێکراوەکە وەك لە ناوەکانیان ڕا دیارە، بەڵگەنامەی پابەندبوون بە «بانگەوازی ژنێڤ»ن. بانگەوازی ژنێڤ، ڕێکخراوێکی نێونەتەوەییە کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا دامەزراوە و وەك د.میرۆ دەڵێ «زیاتر بەوە ناسراوە کە دژی بەکارهێنانی مینی دژی نەفەر کار دەکات». حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ٤ی دێسامبری ٢٠٠٧دا بە ئامادەبوونی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری حیزب، ڕێککەوتننامەی «قەدەغەبوونی بەکارهێنانی مینی دژەنەفەر»ی لە ناوەندی ئەم ڕێکخراوە لە سوئیس واژۆ کرد و بە فەرمی بوو بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە. ئەم حیزبە لەو کاتەوە تا ئێستا لە کۆمەڵێك چالاکیی ژێنێڤاڵدا بەشداری کردووە و تەنانەت بە چاودێری ئەم ڕێکخراوە، ژمارەیەك مینی دژەنەفەری خەزنکراو لە ئەنبارەکانی چەکوچۆڵی حیزبی لەکار خست. لەوانەیە ئەم پرسیارە بێتە پێشەوە کە ئایا دەوڵەتەکانیش دەتوانن ببنە ئەندامی «ژێنێڤاڵ» و «ڕێککەوتننامەی قەدەغەبوونی بەکارهێنانی مینی دژی نەفەر» و بەڵگەنامەکانی سەر بەو ڕێکخراوە واژۆ بکەن. لەو بارەوە لە د.میرۆ پرسیارمان کرد کە لە وەڵامدا وتی: «ژێنێڤاکاڵ تایبەتمەندییەکی گرینگی ئەوەیە کە دیالۆگ و هاوکاری لەگەڵ لایەنە چەکدارە غەیرە دەوڵەتییەکان دەکات. وێڕای ئەمەش لەگەڵ NGO و ڕێکخراوەکانی بواری داکۆکی لە مافی مرۆڤ، مافی ژنان، مافی منداڵان و . . .هاوکاریی بەردەوامی هەیە». ژێنێڤاکاڵ لەگەڵ کۆنوانسیۆنی ژێنێڤ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاوکاری و پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە.

## * بژاردەیەك لە بەڵگەنامەکان

بەڵگەنامەی پێوەندیدار بە مافی منداڵان بەم شێوە دەست پێدەکات:

«ئێمە (ناوی ئەو لایەنەی ئیمزای دەکات) لە ڕێگەی نوێنەرەکەمانەوە کە گشت دەسەڵاتێکی پێدراوە:

بەتەنگەوەین سەبارەت بەو کاریگەرییە زیانبەخش و بەربڵاوەی ناکۆکییە چەکدارییەکان هەیەتی لەسەر گەشەکردنی جەستەیی و ئەقڵی منداڵان و ئەو دەرەنجامە درێژخایەنەی کە دواتر دەیبێت لەسەر ئاسایشی مرۆڤ و سەقامگیریی ئاشتی و گەشەکردن. .

جەخت لەسەر ویستی خۆمان دەکەین سەبارەت بە پاراستنی خەڵکی سێڤیل، بەتایبەتی منداڵ، لە کاریگەری یان مەترسیی کاری سەربازی، هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانیان بۆ ژیان، بۆ شکۆمەندیی مرۆڤ و بۆ پەروەردە و گەشەکردن کە لە باشترین شێوەدا لە بەرژەوەندیی منداڵاندا بێت.»

ئەم بەڵگەنامە بەگشتی ڕەچاوکردنی چەند پرەنسیپی نێونەتەوەیی و گشتگیر لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی مافی منداڵان لە کاتی شەڕدا لەخۆ دەگرێ کە چەند خاڵێکی بەم شێوەیە:

ـ ڕەچاوکردنی «ستاندارە جۆراوجۆرەکانی نێو بابەتەکانی یاسای نێونەتەوەیی کە پاراستنێکی تایبەت بۆ ئەو منداڵانە دابین دەکات کە ناکۆکییە چەکدارییەکان کاریگەری لەسەریان هەبووە».

ـ «بەئاگاین لەوەی کە یاسای بنەڕەتیی دادگای نێونەتەوەیی تاونکاران ئەوە بە تاوان دادەنێن کە منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ، سەربازیی زۆرەملێ بیانگرێتەوە».

ـ «منداڵ بەو جۆرە پێناسە دەکرێ کە ئەو کەسانەن تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵەوەیە».

ـ «پابەند دەبین بە قەدەغەکردنی تەواوی بەکارهێنانی منداڵ لە دوژمنکارییەکاندا.»

ـ کاری ڕاستەقینە دەگرینە بەر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە منداڵان تەواو دەستیان بە خۆراك و ئاگاداریی تەندرووستی (کە ئەمە هاوکاریی دەروونیی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە) و پەروەردە ڕادەگات و هەروەها لە هەر شوێنێکیش کە توانرا، دەستیان بە چالاکیی کات بەسەربردن و چالاکیی کلتووری ڕابگات».

ـ ئاسانکاری دەکەین بۆ هەوڵەکانی ڕێکخراوە مرۆییە بێلایەنەکان سەبارەت بە گێڕانەوەی منداڵان بۆ نێو خێزانەکانیان».

ـ فەرمان و ڕێنمایی پێویست دەردەکەین بۆ دەزگا سیاسی و سەربازییەکانمان، هەروەها بۆ فەرماندە و جەنگاوەرانمان بەمەبەستی جێبەجێکردن و کارپێکردنی ئەوەی کە لە ئەستۆی خۆمان گرتووە، ئەوەش کاری بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕاهێنان دەگرێتە خۆ».

بەڵگەنامەی پێوەندیدار بە مافی ژنان بەم شێوە دەست پێدەکات:

«ئێمە (ناوی ئەو لایەنەی ئیمزای کردووە)، لە ڕێگەی نوێنەر (ان)ی تەواوڕێگەپێدراومانەوە:

بەتەنگەوەین سەبارەت بە ئەو کاریگەرییە درێژخایەنە جەستەیی و دەروونـــی و کۆمەڵایەتییەی کە توندوتیژی سێکسی هەیەتی لەسەر قوربانییەکان و خێزانەکانیان و کۆمەڵگاکان بەتایبەتی لە بارودۆخی ناکۆکیی چەکداریدا، هەروەها ئەو مەترسییەی کە دەیخاتە پێش ئاسایشی مرۆیی و ئاشتی پارێزی.

جەخت دەکەینەوە لەسەر بڕیارمان بۆ ئەوەی هاووڵاتییانی سڤیل و کەسانی دیکە کە بەشدار نین لە دوژمنکاریدا لە کاریگەری یان مەترسییەکانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بپارێزرێن و ڕێز لە مافە بنەڕەتییەکانیان بگرین».

ئەم بەڵگەنامە بەگشتی ڕەچاوکردنی چەند پرەنسیپی مرۆیی و گشتگیر سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کاریگەرییە ماڵوێرانکەرەکانی بارودۆخی شەڕ لەسەر ژنان لەخۆ دەگرێ کە چەند خاڵی بەم شێوەیە:

ـ «بە تەواوی ئەوە ڕەچاو دەکەین کە یاسای نێونەتەوەیی گشت جۆرەکانی توندوتیژیی سێکسی قەدەغە دەکات و لەوەش بەئاگاین کە کاری توندوتیژیی سێکسی بە تاوانی جەنگی و تاوان دژ بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژی (جێنۆساید) دادەنرێت».

ـ «بڕیار دەدەین کە ڕۆڵمان هەبێت بۆ کۆتاییهێنان بە دەربازبوون لە بەسزاگەیاندنی توندوتیژیی سێکسی».

ـ «ئەوەمان لەبەرچاوە کە ئەو سیاسەت و کارانەی جیاوازی دادەنێن لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر)، بەتایبەتی ئەوانەی کە دژ بە ژنان و کچان دەکرێن، دەبنە هۆی جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی».

ـ « بە تـــەواوی پابەند دەبین بە قەدەغەکردنی توندوتیژی سێکسی دژ بە هەر کەسێك چ هاووڵاتیی سڤیل بێت یان سەر بە هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت یان خود سەر بە چەکداری ناحکوومەتی بێت».

ـ «هەوڵی زۆرتر دەخەینە گەڕ بۆ دابینکردنی ئەو یارمەتی و پشتگیرییەی کە قوربانییانی توندوتیژیی سێکسی پێویستیانە بۆ دەربازبوون لە کاریگەریی ئەو جۆرە توندوتیژییە.»

ـ «هەوڵی زۆرتر دەخەینە گەڕ بۆ دەستەبەرکردنی بەشدارییەکی زۆرتر و خەریکبوونی ژنان لە پرۆسەکانی بڕیاردان لە گشت ئاستەکاندا.»

ـ «فەرمان و ڕێنمایی پێویست دەردەکەین بۆ دەزگا سیاسی و سەربازییەکانمان، هەروەها بۆ فەرماندە و جەنگاوەرانمان بە مەبەستی جێبەجێکردن و کارپێکردنی ئەوەی لە ئەستۆی خۆمان گرتووە، ئەوەش کاری بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕاهێنان دەگرێتەخۆ».

## * چاودێری بەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی بەندەکانی بەڵگەنامەکان

لێرەدا ئەو پرسیارە بەرجەستە دەبێ کە ڕێکخراوی «ژێنێڤاکاڵ» چۆن بەسەر ڕەوتی جێبەجێکردن و ڕەچاوکردنی بەندەکانی هەر دوو بەڵگەنامەکە چاودێری دەکات. د.میرۆ عەلیار لەم پێوەندییەدا بە «کوردستان»ی وت: «لەسەر داوای ژێنێڤاکاڵ هەر ڕێکخراوێك کە ئەو بەڵگەنامانەی ئیمزا کردووە، دەبێ دوو کەس بە ژێنێڤاکاڵ بناسێنێ بۆ ئەوەی بەسەر ڕەوتی جێبەجێکردنیان چاودێری بکەن. ئەو دوو کەسە ئەرکدارن ٢ ساڵ جارێك ڕاپۆرتی چاودێری و کاری خۆیان بدەنەوە بە ژێنێڤاکاڵ».

لە د.میرۆ پرسیارمان کرد، «داخوا ژێنێڤاکاڵ هەر بە ڕاپۆرتی ئەو کەسانەی کە خودی ڕێکخراوەکە پێی دەناسێنێ، قەناعەت دەکات؟»، وتی: «هەر بەوەندە قەناعەت ناکرێ. بەڵکوو هەر وەختێك ژێنێڤاکاڵ بخوازێ، حەقی سەردانی لە بنکەکانی سەر بەو ڕێکخراوەی هەیە و دەتوانێ لەگەڵ ئەندامانی لە هەر ئاستێکدا وتووێژ بکات و هەر کاتێك داوای پێکهێنانی سمینار و کۆبوونەوە و شتی لەو بابەتە بکات، ئێمە دەبێ بۆی پێك بهێنین».

## *پێویستی واژۆکردنی بەڵگەنامەکان لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە

لەوانەیە ئەو پرسیارە لە لای هێندێ کەس درووست بێت کە گەلۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تا ئێستا بەو پرەنسیپە مرۆیی و گشتگیرانەی لەو بەڵگەنامانە سەبارەت بە ژنان و منداڵان جەختیان لەسەر کراوەتەوە، پێبەند نەبووە کە ئێستا وەها بەڵگەنامەگەلێك واژۆ دەکات. بەڕێز عەلیار لەم پێوەندییەدا وتی: «زەرووڕەتەکەی بەو مەعنا نیە کە ئەوانەمان پێڕەو نەکردووە، ئەساسەن ئیمزاکردنی سەنەدێك بەو مەعنا نیە کە ئەو کارە نەکراوە. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات، وەکوو بزووتنەوەیەکی ئینسانی لە هەر هەنگاوێك کە لەسەر پرەنسیپە جێی بڕواکانمان کە پرەنسیپی مرۆیین، جەخت بکاتەوە و بۆ زیاتر پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی ئەو بیرۆکانە بێت، پێشوازی دەکەین و لەو ڕابیتەدا بۆ فیکری پێشکەوتووی خۆمان هاوپەیمان پەیدا دەکەین». بەڕێزیان نموونەیەکی بەرچاو لەو پێوەندییەدا باس دەکات و دەڵێ: «ئێستا وڵاتێکی دێموکرات کە لانیکەم لە سەتحی نێونەتەوەییدا بە مۆدێرن و پێشکەوتوو ناسرابێ، وەك خودی سوئیس کە میساقی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ ئیمزا دەکات، ئایا بەو مەعنایەیە کە تا ئێستا بەندەکانی ئەو میساقەی لەژێر پێ ناوە، نەخەیر، بەڵکوو بۆ سەقامگیرکردن و پتەوترکردنی ئەو پرەنسیپ و بیرۆکانە کە هەمیشە ڕەچاوی کردوون، ئیمزای دەکات».

## *ئامووزش، ئامووزش، ئامووزش

وەك لە نیوەرۆکی هەر دوو بەڵگەنامە جێی باسەکاندا دیارە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ واژۆکردنیان، ئەرکدار دەبێ بە جێبەجێکردنی بەندەکانیان و هەنگاونانی کردەکی لە پێناو ئامانجە دیاریکراوەکان لەواندا. بەڕێز عەلیار پێی وایە پێویستە لەو بوارەدا کاری ڕۆشنگەری و فێرکاری لە نێو سەرجەم چین و وتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی ئێراندا بکرێ. ئەم لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: «ئێمە {حیزبی دێموکرات} لەگەڵ ئەوەی بەپێی بەرنامە و بە بڕوا حیزبێکی دێموکرات و مۆدێرنین، بەڵام بە هۆی چۆنیەتیی شێوەی خەباتمان و هەلومەرجی خەبات کە بەسەرماندا داسەپاوە، هێشتا نەمانتوانیوە بایەخە دێموکراتیك و ئینسانییەکان بەو جۆرەی کە پێویستە لە کۆمەڵگای خۆماندا تەبلیغ بکەین». بەڕێزی ڕوو لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات دەڵێ: «زۆر موهیمە کە ئەندامان و تەشکیلاتی خۆمان زانیارییان لەسەر گرینگی و پێویستی ڕەچاوکردنی ئەو بەڵگەنامانە و ئەو تەعەهودانە هەبێ و بزانن ئەوانیش بە گوێرەی ئەرکەکانیان بە بەڕێوەبردنی ڕاسپاردەکانی ژێنێڤاکاڵ موتەعەهدن».

بەڕێزیان لەو باوەڕەدایە کە پێویستە هەموو تاکێکی کۆمەڵگا هەست بەوە بکات کە پێویستە لەو بوارانەدا ئامووزش ببینێت و زانیارییەکان بەڕۆژ بکاتەوە، جا ئو کەسە خۆی پێ دێموکرات بێت یان نا. ئەو لەو باوەڕەدایە کە «زۆر جار ئەفکاری نادێموکراتیك و هەڵاواردنی تەنانەت لە مێشکی ئەو کەسەیشدا هەیە کە خۆی پێ دێموکراتە، چوونکە حوکم نیە ئاگاهانە بێ». ئەو نموونەیەکی هێنایەوە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بڕیارێك بۆ سەرانسەری وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا دەرچووە کە لە زۆربەی پیشەکاندا، ئەو کەسانەی کە خوازیاری وەرگرتنی کار و دامەزراندنن، پێویستە بەڵگەی تەواوکردنی دەورەیەکی تایبەتیان پێ بێ بە ناوی دەورەی «دیتن و ڕەچاوکردنی جیاوازییەکان» و پێویستە هەر دوو ساڵ جارێك بەڵگەکەیان نوێ بکرێتەوە. بە بۆچوونی کاك میرۆ، ئەو نموونە بەرچاوە دەردەخات کە لە ئورووپا کە پتر لە دوو سەد ساڵە بە شێوەیەك دێموکراسییان ئەزموون کردووە و خەڵکەکەیان هەر لە منداڵییەوە ئامووزشی هەڵسوکەوتی دێموکراتیك دەبینن، هەست بە پێویستی فێربوون و بەڕۆژکردنی زانیارییەکانیان لە بواری پاراستنی مافی ژنان و منداڵان دەکەن، چۆن ئێمە کە لەم بوارەدا خاوەنی ئەو ئیمکانات و پێشینەی ئەوانیش نین، نابێ هەست بە گرینگیی ئامووزش و فێرکاری نەکەین. بەڕێز جەخت دەکاتەوە کە حیزبی دێموکرات تەنانەت ئامادەیی خۆی لە لای ژێنێڤاکاڵ دەربڕیوە کە وانەی فێرکاری لەم پێوەندییەشدا بۆ ئەندامانی ڕێبەری حیزب دابنرێ و پێداگرە کە باشترین ڕێگە هەر «ئامووزش، ئامووزش، ئامووزش»ە.



# ئێران و کاریگەری گەمارۆکان

■ ناسر ساڵحی ئەسڵ

پاش هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، ئامریکا بە هۆی گرتنی باڵیۆزخانەکەی لە ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ لە لایەن خوێندکارانی خەتی ئیمامەوە، تەواوی داراییەکانی ئێرانی بلۆکە کرد. بەڵام پاش کۆتایی شەڕی ئێران ـ عێراق، بە هۆی دەستێوەردان و دژایەتی کردنی ڕێژیم لەگەڵ ئاشتی ئیسراییل و فەلەستین، پشتیوانی ماڵی لە گرووپە تیرۆریستییەکان، پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی و سیستمی مووشەکی دوورهاویژ و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ئەو جارە لە لایەن یەکیەتی ئورووپا و ئامریکا کۆمەڵێك گەمارۆیان بە دژی ڕێژیمی ئێران پەسەند کرد، کە ساڵ بە ساڵ ئەم گەمارۆیانە زیاتر و توندتر کراون.

**گەندەڵی ٣هەزار میلیارد تمەنی، تەنیا نموونەیەکە کە لە کارنامەی ڕەشی گەندەڵی ئابووری ئێران لەم ساڵەدا بەرچاو دەکەوێ**

هاتنەسەرکاری مەحمودی ئەحمەدی نژاد و کابینە نیزامی ـ ئەمنییەتییەکەی لە هەلومەرج و دۆخێکدا بوو کە دیپلۆماسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی بێ‌متمانەیی لە ئاستی نێونەتەوەیی و لە نێو بیروڕای گشتی خەڵکی جیهاندا بەرەوڕوو بوو. بەتایبەت سەبارەت بە مەسەلەی پیتاندنی ئۆرانیۆم، ڕێژیمی ئێران لەگەڵ وڵاتانی (بریتانیا، ئاڵمان و فەرانسە) لەو ماوەیەدا تووشی ئاستەنگ ببوو، وتووێژەکان لە کردەوەدا بێ ئاکام بوون. چونکە کردەوەکانی ڕێژیمی ئێران ڕۆژئاوای بەرەو ئەوە برد کە ئێران بە تەواوی هێز و بە هەر قیمەتێك لە هەوڵی سازکردنی چەکی ناوکیدایە.

هەر بۆیە دۆسیەی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٤دا ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان کرا، کە تا ئێستا شەش بڕیارنامە کە ئاکام و دەرەنجامی توندی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووە، بەم شێوەیە بەدواوە بووە.

- یەکەمین بڕیارنامە لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینیدا بە ژمارە ١٤٩٦
- دووهەمین بڕیارنامە لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینیدا بە ژمارە ١٧٣٧
- سێهەمین بڕیارنامە لە ساڵی ٢٠٠٧ی زایینیدا بە ژمارە ١٧٤٧
- چوارەمین بڕیارنامە لە ساڵی ٢٠٠٨ی زایینیدا بە ژمارە ١٨٠٣
- پێنجەمین بڕیارنامە لە ساڵی ٢٠٠٨ی زایینیدا بە ژمارە ١٨٣٥
- شەشەمین بڕیارنامە لە ساڵی ٢٠١٠ی زایینیدا بە ژمارە ١٩٢٩

لە ماددەکانی ئەو بڕیارنامانەدا کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم، بنیاتەکانی سەر بە سپای پاسداران، فەرماندەرانی سپای پاسداران، بنیاتەکانی سەر بە ڕێکخراوی وزەی ناوکیی ئێران، بانکی ناوەندی و بانکەکانی دیکەی ڕێژیم ، نەوت و گازی ئێران، بیمەی کەشتییە نەوت هەڵگرەکان لە لیستی ڕەشی گەمارۆکاندان.

**ـ کاریگەری گەمارۆکان لەسەر ئابووری ئێران:**

ئابووری لە هەر وڵاتێکدا دوەری سەرەکی لە گەشەکردن، پەرەپێدان یا دواکەوتوویيدا دەگێڕێ. بەڵام ئابووری ئێران لە ژێر کاریگەری گەمارۆکانی نێونەتەوەیی، بە هۆی کەمبوونەوەی نرخی پووڵی ئێران «ڕیاڵ» لە بەرامبەر دۆلار و ئەرزەکانی دیکەدا، چوونەسەری قیمەتی کاڵا و خەدەمات تا ٥٠ لە سەد و خاڵیبوونی سندووقی پاشکەوتی ئەرز و قەرزداربوونی ٤٧ هەزار میلیارد تمەنی دەوڵەت بە سیستمی بانکی، تووشی نەخۆشی، گەندەڵی و دواکەوتوویی بووە. هەروەها لە ٢١ی سەرماوەزی ئەمساڵدا «بنیاتی نێونەتەوەیی ماڵی» کە بنکەی سەرەکیەکەی لە واشینگتۆنە لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە «پەرەپێدانی ئابووری ئێران بۆ ساڵی ٢٠١١،( +½ ) لەسەد بووە و بۆ ساڵی ٢٠١٢، (-٥/٣)لە سەد پێشبینی کراوە.

هەر بۆیە ڕێژیمی ئێران لە لایەك بە هۆی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، ناتوانێ بە گوێرەی پێویست لە بوارەکانی بنیاتنانی کارگا و کارخانە بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و دابینکردنی خزمەتگوزاری و بنکە و بنیاتە خزمەتگوزارییەکان و ناوەندە پەروەردە و فێرکارییەکان و بەگشتی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کۆمەڵگای ئێران بەرەو پێشکەوتن ببات و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی گەمارۆی بەرینی ماڵی ـ بانکی نێونەتەوەیی پێکهاتەی ئابووری ئێران تووشی دارمانی یەکەکانی بەرهەمهێنان و بوارەکانی سەرمایەگوزاری، بازرگانی و کشت و کاڵ، کورتهێنانی بودجەی ساڵانە، چوونەسەری قیمەتەکان و ئاوسانی سەرسوڕهێنەر بۆتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی سندووقی نێونەتەوەیی پارە، نرخی ئاوسانی ئابووری ئێران لە ساڵی ٢٠١٢دا گەیشتۆتە ٢٥/٢ لە سەد کە لە نێوان ١٨٤ وڵاتی جیهاندا لە دوای وڵاتانی بلاڕووس، سوودانی باشوور و سوودان لە پلەی چوارەمی شپرزەییدایە. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی «شفافیت»ی نێونەتەوەیی لە ساڵی ٢٠١٢دا ئابووری ڕێژیمی ئێران لە مەڕ گەندەڵی لە نێوان ١٧٦ وڵاتدا لە جێگا و پلەی ١٣٣دایە.

گەندەڵی ٣هەزار میلیارد تمەنی، تەنیا نموونەیەکە کە لە کارنامەی ڕەشی گەندەڵی ئابووری ئێران لەم ساڵەدا بەرچاو دەکەوێ. شپرزەیی ئابووری ڕێژیمی ئێران گەیشتۆتە ئاستێك کە بە ئاشکرا شەمسەدین حسێنی وەزیری دارایی بە هەواڵدەریی ئیسنا دەڵێ: بە هۆی گەمارۆکانی نێونەتەوەیی داهاتی نەوت نیوە بووە و کەمی بودجە ١٣٩١، ٥٤ هەزار میلیارد تمەن پێشبینی کراوە. لەوەها دۆخێکی نالەباری ئابووریدا ئەحمەدی نژاد لە ڕێکەوتی ٢ی بەفرانباری ئەمساڵ لە وتووێژی تەلەڤیزیۆنیدا دەڵێ: ٣٠٠ کەس دەستیان بەسەر ٦٠٪ پارە و دارایی وڵاتدا گرتووە و نایدەنەوە بە بانکەکان.

**ـ ژیانی خەڵکی ئێران لە ژێر کاریگەری گەمارۆکاندا:**

بە سەرنجدان بە کەمبوونەوەی توانای کڕینی پوڵی ئێران «ڕیاڵ»بە هۆی گەمارۆکانی ماڵی ـ بانکی وڵاتانی ڕۆژئاوا و سیاسەتە ئابوورییەکان و لێنەزانینی کاربەدەستانی ڕێژیم، بارودۆخی ژیانی خەڵکی ئێران لە ئێستادا لە ژێر کاریگەری گرانی کاڵا و خەدەمات زۆر ئاستەم بووە. لە وەها هەلومەرجێکدا تێچووە قورس و گرانەکان بۆ پرۆژە نهێنییە ئەتۆمییەکانی بە پاساوی دەسڕاگەیشتن بە وزەی بەرق و وزەی ناوکی ئاشتیخوازانە، فەلەجبوونی ئابووری ئێرانی لێکەوتوتەوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵکی ئێران داناوە و ڕێژیم لە داهاتوودا بەرەوڕووی ناڕەزایەتی گشتی و جەماوەری دەبێتەوە.

ڕوونە داهاتی نەتەوەیی ئێران لە پارەی فرۆشی نەوتە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەك بە هۆی گەمارۆی نێونەتەوەیی نەوت و گاز، هەناردە نەوتییەکانی تا ئاستێکی بەرچاو کەمی کردووە و لە لایەکی دیکەوە بەربەستەکانی ناردنی پارەی فرۆشی هەناردە نەوتییەکانی بۆ ئێران لە لایەن بانکە نێونەتەوەییەکان لە ترس کەوتنە لیستی ڕەشی گەمارۆی وڵاتانی ڕۆژئاوا، دەستڕاگەیشتنی ڕێژیمی ئێران بە دۆلار ئەستەم بووە و لە ئاکامدا نرخی دۆلار لە بازاڕی تاران لە ٤ هەزار تمەن نزیك بۆتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ڕێژیم، بە ئانقەست دەستی لە کۆنترۆڵکردنی نرخی دۆلار و دراوەکانی دیکەی خاریجی پاراستووە، تا بتوانن بە فرۆشتنی ئەم دراوانە بە نرخی بازاڕی ئازاد بەشێك لە کەمی بودجەی ساڵانەی ڕێژیم و کڕینی چەك و چۆڵ و پەرەپێدانی بنکەکانی پیتاندنی ئۆرانیۆم قەرەبوو بکاتەوە. ئەو جۆرە سیاسەتکردنە و نەبوونی مودیریەتکردنێکی گونجاو ژیانی خەڵکی ئێرانی تووشی گیروگرفت کردووە. بە هەزاران کرێکار بە هۆی داخستنی کارخانەکان لەسەر کار دەرکراون و تێکەڵ بە بازاڕی بێکاران بوون. بەپێی یاسای بنەڕەتی ئێران خوێندن بە خۆڕاییە، بەڵام بە هۆی بێ ئیمکاناتی قوتابخانەکان و نەبوونی بودجە، بۆ گەرمکردنی کلاسە دەرسییەکان و پێداویستییەکانی قوتابخانە لە قوتابیان پارە بە زۆر وەردەگرن.

لە بەشی بێهداشت و دەرمان، نەخۆشخانەکانی ئێران، بودجەی پێویستیان بۆ کڕینی دەوا و دەرمان و پێداویستییەکان نییە. نرخی بەشێك لە دەوا و دەرمان و پێداویستییەکانی پزیشکی ٢٠٠٪ زیادی کردوە و هەر بۆیە نەخۆشەکان بۆ پەیداکردنی دەواو دەرمان تووشی کێشە بوون.

هەروەها لە ساڵی ١٣٩٠دا بە هۆی گرانی پێداویستییەکانی پیشەسازیی چاپ، زیاتر لە ١٠٠ چاپخانە لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران داخراون و هەروەها زیاتر لە ٢٠٠ بنکەی چاپەمەنی چالاکی خۆیان ڕاگرتووە. چونکە زۆربەی پێداویستییەکانی چاپخانە لە دەرەوە دێت، بەڵام بە هۆی چوونەسەری نرخی دۆلار و کەمبوونەوەی نرخی پوڵی ئێران «ڕیاڵ»، توانای دابینکردنی کەرەستەکانیان نیە.

لە وەها دۆخێکدا چوونەسەری قیمەتی «بەرق، گاز، تەلەفون، گۆشت، برنج، میوە، دانەوێڵە، هێلکە و ...» تا ٥٠ لەسەد خەڵکی هەژاری تووشی گرفت و کێشە کردووە. هەروەها کۆمەڵگای ئێران تووشی فراوانبوونی کەلێنی دار و نەدار و چوونەسەری ڕادەی بێکاری ئاشکرا و شاراوە کردووە. داهاتی سەرانەی خەڵك دابەزیوە و خەڵك توانای کڕینی بەشێکی زۆر لە پێداویستییەکانیان لە بازاڕدا نیە.

ئەحمەدی تەوەکولی نوێنەری تاران لە مەجلیس لە ڕۆژی ٤ی بەفرانبار ئاشکرای کرد کە لەوانەیە لە بودجەی ساڵی ١٣٩٢ی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاددا نرخی سووتەمەنی بەم شێوەیەی خوارەوە بچێتە سەرێ.

ئەگەر نرخی سووتەمەنی لە بودجەی ساڵی (١٣٩٢) بچێتە سەرێ، لەسەر گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خەدەمات و پێداویستییەکانی ژیانی خەڵکی ئێران لەوەش زیاتر کاریگەری خراپی دەبێت. هەرچەند وا پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا بازنەی گەمارۆکان توندتر بکرێن و کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێگەیشتوون پەسەندکردنی بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەتایبەت گەمارۆ ماڵی ـ بانکی ئامریکا ئیدی لەتەکاغەز نییە و دەتوانێ توانای ڕێژیم لە بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی کورت بکاتەوە.

| وزه | قیمەتی یەك لیتر بە تمەن |
|---|---|
| بنزین | ٥٠٠٠ تمەن |
| بنزین سوپێر | ٥٥٠٠ تمەن |
| گازۆئیل | ١٧٥٠ تمەن |
| نەوتی کورە | ١٠٠٠ تمەن |
| نەوتی سپی | ٥٠٠ تمەن |
| گازی سروشتی | ١١٠٠ تمەن |

رۆژهەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵلانژاد

## پێشبینی گاردییەن لەسەر ئێران لە ٢٠١٣دا

ڕۆژنامەی گاردییەن بە بۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێی زایینی، زنجیرە وتارێکی بۆ پێشبینی گرینگترین ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵی ٢٠١٣ی وڵاتان بڵاو کردووە. لە بەشی ئێراندا، زیاتر لەسەر بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماری ورد بۆتەوە و بەتایبەتی باسی کاریگەرییەکانی لەسەر بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی کردووە. وتارەکە بەم شێوە دەست پێدەکات: «هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێران لە مانگی ژووئەن لە کاتێکی زۆر ناسکدا بەڕێوە دەچێ، لە کاتێکدا کە وڵات لە پێوەندی لەگەڵ ئامانجە ناوکییەکانی ڕووبەڕووی گوشاری توند و ڕووخێنەری نێونەتەوەیی و هەروەها ڕووبەڕووی نیگەرانی لە بارەی ئابوورییەکی کونترۆڵنەکراو دەبێتەوە. سەرکۆماری ویشك مێشك، مەحموودی ئەحمەدی نژاد کە ماوەیەك سەبارەت بەو قسانەی کە تووڕەیی گشتیان بەدواوە بوو، بوو بە سەردێڕی هەواڵەکانی جیهان، دواجار پاش دوو دەورەی یەك لەدوای یەکی بەڕێوەبەرییەکەی، لەسەر کار نامێنێ.

هەڵبژاردنەکە بە زۆری لە ژێر چاودێریدا دەبێ بۆ دەرکەوتنی هەر نیشانەیەك کە بەڕێوەبەرایەتییە نوێکە لەسەر پرسی ناوکی سازش بکات و ڕێگەیەکی جیا لە بارودۆخی بونبەستی هەنووکە بخاتە بەردەم. ئەم بۆچوونە پشتی بەوە بەستووە کە سەرکۆماری نوێ بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە دەسەڵاتی کەمی دەبێت. چارەنووسی بەرنامەی ناوکیی ئێران لە دەستی ڕێبەری وڵات، ئایەتوڵڵا خامنەیی دەمێنێتەوە کە لە بابەتە پێوەندیدارەکان بە کاروباری حکوومەتییەوە دواقسە دەکات و بڕیارەکانی شوێن لەسەر هەموو ژیانی ئەو دەسەڵاتەی دادەنێ.»

نووسەری وتارەکە پاشان ئەو فەرزییە دێنێتە بەرباس کە لەوانەیە نیزام وای پێ باش بێ کەسێك لە ئیسڵاحتەلەبەکان بێتە سەر کار و دەنووسێ: «ئەوە وامان پێ دەڵێ کە سەرکۆمارێکی نوێ لەوانەیە دیسانیش لە هێورکردنەوەی کێشەکاندا ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێ، وەك سەرکۆماری ئیسڵاحتەڵەب، موحەممەد خاتەمی کە لە ساڵەکانی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٥ لەو پۆستەدا بوو، نیشانی دا.

وا وێدەچێ ئەو قەناعەتە جارێکی دیکە درووست بێ کە خاتەمی ببێ بە کاندیدایەکی ئیحتیمالی لە ٢٠١٣دا، بەڵام پارێزکاریخوازەکان خەریکن ئەو سیکناڵە دەنێرن کە ئەو تەنیا ئەو کاتە ئیزنی ڕکەبەری پێدەدرێ کە خۆی لە بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سەوز دوور بخاتەوە، بزووتنەوەیەك کە جیهانی بە سەرهەڵدانە خوێناوییەکەی لە ماوەی دوایین هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵی ٢٠٠٩دا سەرسام کرد.»

نووسەر لە دوایین پاراگرافدا لەسەر ئێران، ناوی چەند کەس دەهێنێت کە ئەگەری ئەوە هەیە لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری داهاتوودا کاندیدا بکرێن. ئەو دەنووسێ: «ئەو باوەڕە لەسەر ئەحمەدی نژاد هەیە کە سەرۆکی کێشەخوڵقێنی کابینەکەی، ئیسفەندیار ڕەحیم مەشایی، بۆ جێگرتنەوەی خۆی ئامادە دەکات. بەڵام ئەحمەدی نژاد لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ڕادەیەکی زۆر لە کاریگەرییەکەی لەدەست داوە و مەشائیش لە لایەن ڕکەبەرە پارێزگاریخوازەکانیەوە وەکوو سەرۆکی «بیرۆکەیەکی نائاسایی» دەبینرێ کە لە هەوڵی لاوازکردنی دەسەڵاتی مەلاکاندان. ئەو ناوانەی دیکە کە باسیان هەیە بریتین لە: شارەداری تاران، موحەممەد باقری قالیباف، وتەبێژی مەجلیس، عەلی لاریجانی، وتەبێژی پێشووی مەجلیس، غوڵام عەلی حەداد عادل، و وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئێستای ڕێبەری نیزام، عەلی ئەکبەر ویلایەتی».

**سەرچاوە:**

guardian.co.uk

هەرمان

# بەڵێن

وردە خاڵی شێعری دیوان
لە بیرت دێ
گوڵێکت دایە دەستم
لەگەڵ بزەم
ئۆفێک هەڵفڕی لەسەر لێوان
فەرمووت بە دڕکەوە جوانە گوڵ
لێوە گەزیوەکەت بەرنەدابوو
جانتاکەم کردە شان
پرسیت بۆ کوێ
بەڵێنم دا
پێشکەشت کەم
بە بێ داگیرکەر
نیشتمان



# دایکی وەتەن

گەلی کوردی بەشەڕەف رابکەن و خێرا بگەنێ
بۆ بەشی خوێنی گەشی باوەشی دایکی وەتەنێ
هۆبە وێرانە هەوار خاڵییە رەشپۆشن خێڵ
کۆتەڵی سوورە لە شینی کوڕ و کیژی دەگەنێ
سەری کێوان تەمە سەحرا مژە ئاوایی دژ
چاوەکان خوێن دەگرین شوێنی بڕا زەردەخەنێ
باغ بێ بەرگە قەناری کزە قومری بێ واز
سورەگوڵ پەڕپەڕە ما، بولبول و شینی بەتەنێ
سەرو بێ نازە کزەی نایە نەسیمی سەحەری
شۆڕەبی با نەشەکێ، خونچە بلا پێ نەکەنێ
دڵی لالە و پەڕی گوڵ، شەونم و ناڵەی بولبول
شوێنەوارێکی شەهیدانە لە باغ و چەمەنێ

# داخرانی زیاتر لە ١٠٠ چاپخانە

بە هۆی گرانیی پێداویستییەکانی پیشەسازیی چاپ، رێژەیەکی بەرچاو لە چاپخانەکانی ئێران لە لێواری مایەپووچ بووندان. بەڕێوەبەری ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوە بە ناوەندی هەواڵدەریی دۆیچەوێلەی گوتووە، لەم شەش مانگی دواییدا زیاتر لە ٢٠٠ ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە چالاکییەکانی خۆیان راگرتووە.

بە پێی راپۆرتی راگەیەنەکان لە یەك ساڵی رابردوودا زیاتر لە ١٠٠ چاپخانە تەنیا لە شاری تاران داخراون. ٢٠٠ چاپخانەی دیکەش رایانگەیاندووە کە لە بەرەبەری داخراندان. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە چاپخانەکانی دیکەش بە لای زۆریەوە بە پەنجا لە سەدی پۆتانسیەلی خۆیانەوە کار دەکەن و زۆرێکیان هێزی کاریی خۆیانیان لە کار دەرکردووە و یان شیفتی کارییەکەیان کەم کردوونەتەوە.

لەگەڵ چوونەسەرەوەی بێوێنەی نرخی دراوی بیانی دەوڵەتی لەو مانگانەی دواییدا چالاکیی بەشگەلێك لە پیشەسازیی ئێران بەرەو وەستان دەچێت. پیشەسازیی چاپی ئێرانیش بە هۆی ئەوەوە کە زۆربەی کەرەستەی پێویستی لە دەرەوەی ئێرانەوە هاوردە دەکرێت خەساری بەرکەوتووە.

عەلی ئەسغەر شادمانی بەڕێوەبەری «چاپخانەی شادیران»، لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەریی ئیلنادا، چوونەسەرەوەی نرخی پێداویستییەکانی چاپ ئاڵۆز بێت.

لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دواییدا نرخی هەر «بەند»ێکی کاغەز لە نزیکەی ٢٠ هەزار تمەنەوە گەیشتۆتە ٨٥ هەزار تمەن. بەم پێیە تێچووی چاپی کتێبێکی ٢٠٠ لاپەڕەیی لە بازاڕی ئێراندا گەیشتۆتە ٢٠ هەزار تمەن.

## سانسۆر و گرانی، دوو هەڕەشەی جیددی

چوونەسەرەوەی نرخی کەرەستەی پەیوەندیدار بە بازنەی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەروەها سانسۆرکارییەکانی وەزارەتی ئیرشاد و پێنەدانی رێگە بە چاپ و بڵاو کردنەوەی زۆرێك لە کتێبەکان، بۆتە هۆی ئەوە کە بازنەی چاپ لە ئێراندا زۆر زیاتر لە جاران تەنگ بێتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگاداری بواری بڵاوکردنەوە لە ئێران بە ماڵپەڕی دۆیچەوێلەی گوتووە:» لە ماوەی ٥، ٦ مانگی رابردوودا چالاکیی زیاتر لە ٢٠٠ ناوەندی چاپ و بڵاو کردنەوە بە تەواوی راگیراوە.» ئەو سەرچاوە ئاگادارە گوتووشیەتی:» کاتێك تیراژی کتێب لە ئێراندا دەگاتە ٣٠٠ نوسخە، واتە دەبێ فاتێحای چاپ و بڵاوکردنەوە بخوێندرێت.»

وەکوو دوا گوشارەکانی دەوڵەت بۆسەر چاپخانە ئەهلییەکانی ئێران، دەکرێ ئاماژە بە راگیرانی مۆڵەتی کاریی



دەگەڕێنێتەوە بۆ کاریگەریی چوونەسەرەوەی سەرسام هێنەری نرخی دراوی بیانی دەوڵەتی و دەڵێت لەو مانگانەی دواییدا نرخی مەرەکەب ٣ قات، ئەلکۆل ٤ قات، دەرمانی ئاو ٢ قات، قاییشی سیلەندر ٢ قات، کەرەستەی ئێلێکترۆنیی ماشینی چاپ ٤ قات و هەروەها تێچووی حەقدەستی وەستاکاری چاك کردنەوەی گرفتی کارەبا و میکانیك ٣ قات بووەتەوە.

بە پێی ئاماری سەندیکاکانی بەرهەمهێنەری کاغەز و مەقەبای ئێران، ساڵانە ١/٥ تا ٢ میلیۆن تەن کاغەز لە ئا ستی ولاتـــــــــدا بەکاردەهێنرێت. دەوری ٧٥ کارخانە بە توانای بەرهەمهێنانی ٧٥٠ هەزار تەن کاغەز لە ئاستی وڵاتدا بوونیان هەیە کە تەنیا ٥٠٠ هەزار تەنیان چالاکن و ساڵانە یەك میلیۆن تەن کاغەزیش هاوردەی وڵات دەکرێت. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە پێنەدانی دراوی بیانی بە نرخی دەوڵەتی بە مەبەستی هاوردەکردنی کاغەز و هەروەها چوونەسەرەوەی کتوپڕی نرخی دراوی بیانی دەوڵەتی لەو چەند مانگەی دواییدا و هاتنەخوارەوەی رادەی هاوردەی کاغەز بۆتە هۆی ئەوە کە بازاڕی ناوخۆی بەرهەمهێنانی کاغەز بە توندی

چاپخانەی »چشمە« بکەین لە پووشپەڕی ئەمساڵدا، کە یەکێك لە بڕواپێکراوترین ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەیە لە ئێراندا. بەهمەنی دەری جێگری کاروباری فەرهەنگیی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، لە سەرەتای مانگی پووشپەڕی ئەمساڵدا (١٣٩١)، لادان لە یاسای «نشر چشمە»ی بۆ «بڵاوکردنەوەی بەرهەمێك کە تێیدا سووکایەتی بە ئیمام حسێن کراوە»، «بڵاو کردنەوەی کتێبێك کە برەودەری هاوڕەگەز

# چیرۆکی «رۆژگاری من»

ئارین



گشتمان خوومان بەمە گرتبوو، هەرشتێك رووی بدایەت ئەو پێوەندی دەدا بە ئەوانەوە. ئەم رستانە هیچ نامۆیەتییەکی بۆمان نەبوو: « تۆش برۆ بۆ لای ئەوانە»، « هەر دڵت لە لای ئەوانە دەزانم» و ....

به ئەستەم دەنگی دایکم دەبیست کە دەگریا و فرمێسکەکانی بە خورِ دەم و چاوە سپییەکەی دەخووساند. ساڵانێك بوو ئەمە بەزمی ماڵی ئێمە بوو. خانووبەرەیەکی چکۆلە، تەنیا دوو ژوورمان هەبوو. لە زستاندا هەر دوو ژوورەکەمان بۆ گەرم نەدەکرا و بۆیە ناچار بووین گشتمان لە نێو دیوێکدا بخەوین. خوشکی گەورەم زووتر مێردی کردبوو. من باش بیرەوەریم لەو کاتەی کە ئەو لە ماڵی ئێمەدا بوو نیە، تەنیا چەن بیرەوەرییەکی بچووکم لەبیر ماوە.

کاتێك شایی کرد شەو بوو، ئەو ماشینەی کە بووکیان لێ سوار کرد، کاتێك ماڵی ئێمەی بە جێ هێشت، منیش بە گریان و هاوار وداد دوای ماشینەکە کەوتم. جنێوم دەدا کە «تاتی»م بۆ کوێ دەبەن. تاتی مەبەستم خوشکی گەورەم بوو. لە لای ئێمە بۆ خوشکی گەورەتر وەکوو رێز گرتن وشەی تاتی بە کار دەبەن. ئەو شەوە دوای ماشینەکە کەوتم و خۆم کرد بە ماڵی زاوادا. دوو بەردی چکۆلە لە نێو دەستمدا بوو و دەگریام و دەمگوت تاتیم بدەنەوە سەگ بابانە. یەکێك منی بردە نێو ژوورێکەوە.

زور کەس دانیشتبوون کە بۆم زۆر نامۆ بوون. ماڵی زاوا هەر لە دێی خۆمان و ٢٠٠ میترێك لە خوارووی ماڵی خۆمانەوە بوو. بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی کە دانیشتبوون بۆم نەناس بوون. حەپساو و تۆزێکیش ترسا بووم. خوشکم کەسێك لە تەنیشتی دانیشتبوو و ئەویش سەری داخستبوو و زۆر شەرمێونانە لە ژێرەوە بۆمی دەروانی. نەمدەزانی چی لێم دەوێت. بەڵام هەستم کرد دەڵێت بگەرِێەوە بۆ ماڵی خۆمان. سەیری دەم و چاوی ئەو خەڵکەم دەکرد و گێژ بووبم. ئەوە بیرەوەری من لەو رۆژانەیە کە خۆشکی گەورەم چوو بۆ ماڵی زاوا. دواتر بۆیان گێرِامەوە کە لەوێ لە بوورابوومەوە و هێنابوومیانەوە بۆ ماڵی خۆمان. ئەوە بۆ خۆی تا رادەیەك ئاڵۆزی دەروونی لە نێو مندا دروست کرد کە کاریگەری تا هەنووکەش هەرماوە. هەستم دەکرد خوشکم رۆیشتووە بۆ شوێنێك کە هەر ئازاری دەدەن. شوێنێك کە هەموو کەس پێدەکەنی و تەنیا ئەو خەم لە سەر لێوی نیشتبوو. هێدی هێدی کە گەورەتر بووم زانیم بە سەر هاتی ئەویش وەکوو زۆرێك لە کچانی دیکەیە. ئەویش بە نابەدڵی بۆ ماڵی زاوا بەرِێ کرا بوو.

به هۆی ئەوەیکە هەموومان لە نێو دیوێکدا دەخەوتین، بەردەوام دەمەقاڵێ لە نێوانماندا درووست دەبوو، ئەمەش بەراستی وایکردبوو کە باوك و دایکم زۆر توورِە و کەم سەبر بن. چونکو من زۆر جموجووڵم هەبوو و منیش کورِ بووم، باوکم دڵی نەدەهات کە لە خوشکەکانم بدات و منیش هەمیشە قوربانی لێدانەکانی باوکم بووم.

هەر بۆیەش من تێ دەکۆشام کە قەرەبووی ئەو لێدانانە لە خوشکەکانم بکەمەوە. لەو رۆژانەدا وا تێدەگەیشتم کە هێز و توانای ژنان زۆر لە ئێمە کەمترە و دەبێت ژێردەست بن و ئێمە واتا پیاوان بە سەریاندا فەرمان دەر بکەین.

تێگەیشتنێك کە دواتر کە گەورە بووم هەڵە بوونەکەی زۆر زوو بۆم دەرکەوت.

هەر کات دەمبینی دایکم بە هۆی ئێمەوە تووشی شەرِ لە گەڵ باوکم دەبێت و ناچارە گشت لۆمە و لێدانەکانی قبووڵ بکات، زۆرتر رق و نفرەت سەبارەت بەو هەڵسوکەوتەی باوکم لە لام دروست دەبوو. ئەوەش وایکردبوو لەو رۆژانەدا سۆزی من سەبارەت بە باوکم کەمتر بێت و زۆر گوێ لە قسەکانی نەگرم.

ئەو رۆژانە زۆر حەزم دەکرد زوو گەورە ببم و ئیتر کۆتایی بەو هەڵسوکەوتەی باوکم بێنم. حەزم دەکرد رۆژێك ئەوەندە لە باوکم بدەم کە تۆڵەی گشت فرمێسکەکانی دایکمی لێ بکەمەوە.

باوکم خۆی لە دایکبووی سەخڵەت و کوێرەوەری و ژان بوو. کاتێك لە دایك دەبێت دوای چەن مانگێك باوکی لە لایەن ئاغاواتی گوندەوە دەکوژرێت.

بابی باوکم دارتاش دەبێت. کاتێك کە دەروات بۆ ماڵی ئاغا ئیش بکات، بە پیلانێك لە سەر بانی ماڵی ئاغا دەکەوێتە خوارێ و گیانی لە دەست دەدا.

دایکی باوکم کە ژنێکی زۆر ئازا و بوێر بووە، بە ناچار گوندەکەیان بە جێ دەهێڵێ و روو دەکاتە گوندێکی دیکە.

باوکم هەر لە منداڵیەوە لە دەرماڵی ئاغای ئەو گوندەی کە تێدا بوون، ئیش دەکات و لەو بارودۆخەدا هێدی هێدی گەورە دەبێت. دوای ئەوەیکە دایکم مارە دەکات و دەیهێنێت، دەگەرِێتەوە بۆ گوندەکەی خۆمان. بەڵام لەو رۆژانەدا شەرِ دەسپێدەکات.

وڵات گشت دەبێتە شەرِ و شریخەی گوللە و هێرشی پاسدار بۆ سەر گوندەکان و خەڵك و ئازار و ئەشکنجە و سووتانی خەرمان و ماڵان دەبێتە رووداوەکانی ئەو ساڵانە.

باوکم کە ئەوکات خاوەنی چوار منداڵە و هیچ پشت و پەنایەکی ماددی نیە، خۆی لە رووداوەکان دەدزێتەوە و تەنیا دەیهەوێت بژێوی ژیانی ژن و منداڵەکەی دابین بکات و رەنگە هۆکاری بۆ ئەوەش رۆژگار تاڵە و پرِ لە ناهەمەتیەکانی رۆژانی رابردووی خۆی بووبێت. رۆژانێك کە ئەو تێدا تووشی دەیان رەنج و بێزاری هاتبێت. ئەو گەورە بووی رۆژگارە تاڵەکانی سەرزەمینی ئێمە بوو.

رۆژانێك کە زۆڵم و زۆر باڵی بە سەر وڵاتدا کێشابوو. ئەوەی خۆی دەخستە پاڵی ئاغاوات و کوێخا و حکوومەت دەیتوانی ژیان بکات. رۆژانێك کە بەرهەمی ئارەقی وەرزێرەکانی دەچووە گیرفانی کورِە لووسکەکانی ئاغا و کوێخا و ئەوان کەیف و خۆشی خۆیانیان پێوە دەکرد. باوکم لە دایك بووی رۆژە تۆفانیە پرِ لە ناهەمەتییەکان بوو.

ئەو رۆژانەی کە باران و بەفر زۆر دەباری و رووبارە چکۆلەی لای خۆرئاوای ئاوایی ئاوەکەی هەڵدەستا.

پیرەکان دەیانگێرِایەوە کە لە مانگەکانی رێبەندان و رەشەممە و سەردەمی نەورۆزیش، چۆمەکە دەی لووراند. دەنگی مانگایەکی ئاوس لە نێو لافاوەکەوەدا گشت خەڵکی گوندی دەترساند.

هاوار و ناڵەی چۆم لە لای خەڵکی ئاوایی بە مانای ئەوە بوو کە یەك کەس دەبێت بۆ چۆمەکە قۆربانی بکرێت. یان بە واتایەکی دیکە چۆمەکە خۆی قوربانیەکەی خۆی دیاری دەکات و لە گەڵ خۆی دەیبا.

هەر کات ئەو دەنگە لە چۆمەوە دەهات، پیرەکان هۆشداریان بە منداڵان و لاوان دەدا کە نەکا لە ماڵ برِۆنە دەر و نزیکی چۆمەکە ببنەوە. بەڵام بوون کەسانێك کە برِوایان بەو قسانە نەبوو.

زۆرترین قوربانیانی ئەو ئەفسانە کچان بوون. ئەفسانەیەکی دیکە دەیگوت، شەیتان هەرکات بیهەوێت، هەورە رەشەکان بە سەر گونددا کۆ دەکاتەوە و لێزمەی باران و بەفر و تەرزە دەست بە بارین دەکات، تا ئەرخەوان سووری بەهار هەستێت. ئەشکەوتێکی چکۆلە لە سەرچاوەی چۆمەکەدا هەیە کە هێندێك دەیانگوت ئەوە خانووی شەیتانە. ئەشکەوتێکی زۆر چکۆلە کە لە هاویندا. هێندێك جار تەنیا توزێك قورِاوی لێ دەهاتە دەرێ. خەڵکی دەیانگوت ئەو قورِاوە میزی شەیتانە و کەس نەی دەوێرا کە نزیکی ئەو ئەشکەوتە چکۆلە ببێتەوە.

کە تەرزە و رەشەبا یەکیان لە ئامێز دەگرت، ئاو لە گشت وڵات هەڵدەنیشت و ئیدی ئاوی چۆمەکە ئەشکەوتەکەی شەیتانیشی دەشاردەوە و هەر بۆیەش شەیتان سواری شەپۆلەکانی لاوفاوەکە دەبوو و دەهات بۆ ئەوەی تولەی خۆی لە خەڵکی گوندە بستێنێتەوە.

ئەم چیرۆکانە هێدی هێدی کەم رەنگ دەبوونەوە و لە گەڵ رۆژگاردا ئەوانیش بە خاك سپێردران.

## ... لە تاران

و: کوردستان

گەرایی جینسی بووە» و»بڵاو کردنەوەی بەرهەمێکی دیکە کە تەژی لە پەیوەندی جینسی و پەیوەندی جینسی نێوان کچان و کورِان بووە» راگەیاند.

روانگەکانی عەلی خامنەیی سەبارەت بە چاپی کتێب

عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، رۆژی ٢٩ی مانگی پووشپەرِی ساڵی ١٣٩٠ لە دیدارێکدا لەگەڵ بەرپرسانی کتێبخانەکان و کۆمەڵێك لە کارمەندانی کتێبخانەکان لە ئێران گوتبووی «ناکرێت بازارِی کتێب ئازاد بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کتێبانەی زیان بەخشن بدرێنە ناو کۆمەڵگا. «

رێبەری کۆماری ئیسلامی بە بێ ئەوەی پێناسەیەکی بۆ کتێبە « زیان بەخشەکان « هەبێت، ئەوەشی گوتبوو کە « هەموو کتێبێك سوودبەخش نییە. هەندێ لە کتێبەکان زیان بەخشن. کۆمەڵە کەسانێك کە بەرپرسانی کاروباری کتێبن ناتوانن بەو بیرۆکەوە کە ئێمە خوێنەر ئازاد دەهێڵینەوە بۆ ئەوەی هەڵبژێرێت، هەر کتێبێکی زیان بەخش بدەنە ناو بازارِی کتێب خوێندنەوەوە. ئەمە خۆراکێکی مەعنەوییە و ئەگەر فاسید بوو، ئەگەر ژەهراوی بوو، ئێمە وەکوو بڵاو کەرەوە، خاوەنانی کتێبخانەکان و تەنانەت بەرپرسانی بڵاوکردنەوەش، مافی ئەوەمان نییە ئەو کتێبانە بخەینە بەر دەستی هەموو خەڵکەوە «.

لە مانگی نەورۆزی ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوییەوە وەزارەتی ئیرشاد بە وەرِێ خستنی گەڵاڵەیەك بە ناوی « نیزامی ئیمتیاز دان بە بڵاوکەرەوەکان



« بازنەی سانسۆرِی کتێبی لە ئێراندا بەرفراوانتر کردەوە. بە پێی ئەم گەڵاڵەیە، لەگەڵ هەر راستکردنەوەیەك (اصلاحیە) کە لە لایەن بەرِێوەبەرایەتی سانسۆرِی وەزارەتی ئیرشادەوە بەسەر کتێبی ناردراو لە لایەن بڵاوکەرەوەیەکەوە بەرِێوە بچێت، ئیمتیازێکی نەرێنی لە کارنامەی ئەو بڵاوکەرەوەدا تۆمار دەکرێت. دووپات بوونەوەی ئەو ئیمتیازە نەرێنییانە دەکرێت راگرتنی مافی وەشانی بڵاڤۆکی بەدواوە بێت.

www.dw.de

# پەلەقاژەی بێ ئاکام لە بەرەبەری سەعاتی سیفردا

■ سەلام ئیسماعیل پوور

قەتاری شۆڕشی خوێناویی سووریە لە وێستگەی رووخانی رێژیمی بەشار ئەسەد نزیك بوەتەوە و هەنگاوەکانی شۆڕشگێڕان بۆ رووخانی دوایین سەنگەرەکانی بەرگریی پارێزەرانی ئەو دەسەڵاتە ملهوڕە پتەوتر دەبێت.

لە دوایین پەلەقاژەکانی رێژیمی ئەسەد بۆ مانەوەدا، هەوڵەکانی هاوپەیمانان و پشتیوانانی نێونەتەوەیی ئەم رێژیمە، بواری دیپلۆماسی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی گرتۆتەوە و حکومەتەکانی ئێران و رووسیە کە تا ئەم قۆناغە شانبەشانی رێژیمی ئەسەد لە کوشتاری خەڵکی سووریە و کاولکردنی شار و گوندەکانی ئەو وڵاتەدا بەشدارییان کردووە، هەوڵەکانی خۆیان لەسەر دیپلۆماسی چالاکانە بۆ دەربازبوونی خۆیان و بەشار ئەسەد لەو گێژاوە چڕتر کردۆتەوە.

کۆماری ئیسلامی کە تا هەنووکەش شۆڕشی سووریەی بە پیلانێکی تیرۆریستی و دەسکردی ئیسرائیل و رۆژئاوا و وڵاتانی ئیسلامیی نەیاری بەرەی تاران ـ دیمەشق دەزانێ، لە هەنگاوێکی دیکەدا لە ژێر دەمامکی دیالۆگ و ئاشتی دەیهەوێ خۆی و هاوپەیمانەکەی لە قەیرانی قووڵی سیاسی و سەربازی رزگار بکات و بە خستنەڕووی گەڵاڵەیەك، بانگەشەی ئەوە دەکات کە گەڵاڵەی ئەوان، تاقە رێگای چارەسەری قەیرانی سووریە لە نێوخۆی ئەو وڵاتەدایە و واش نیشان دەدا کە دژی هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی لە ژێر ناوی چارەسەری قەیران لە سووریەدایە. کۆماری ئیسلامی لەم پێوەندییەدا، هەر جۆرە گەڵاڵەیەك لە لایەن رۆژئاوا، وڵاتانی عەرەبی و تورکیە بە گەڵاڵە و پیلانی دەرەکی لە قەڵەم دەدا و دڵێ قەیرانی سووریە دەبێ لە نێوخۆی سووریەدا چارەسەر بکرێت، سەیرە کە سەرەڕای ئەوەش ئەم رێژیمە خۆی بە خاوەنی مافی دەستێوەردان و گەڵاڵەداڕشتن و لە راستیدا بە خانەخوێ دەزانێ و وەکوو لایەنێکی نێوخۆیی لە بازنەی سیاسیی سووریەدا پێ دەنێتە نێو گۆڕەپانی گەڵاڵە و کردار و ئامۆژیاریی وڵاتانی دیکە دەکات کە ئەمە کێشەی نێوخۆیی خەڵکی سووریە و پێوەندیی بەوانەوە نیە، بەڵام پێوەندی بە کۆماری ئیسلامی و رووسیە و چینەوە هەیە. واتە ئەمیری قەتەر و سەعد حەریری و ئەرتەشی ئازادی سووریە بە لایەنی دەرەکی و تێکدەر و تیرۆریست ناو دەبات کە فڕیان بە سەر سوریەوە نیە، بەڵام سەرکۆماری سووریە و حەسەن نەسروڵڵا و سوپای قودسی سوپای پاسداران بەشێك لە واقیعی سیاسی نێوخۆیی سووریە و خاوەنی ماف و بەرژەوەندیی تایبەت و رەوا لە پرۆسەی سیاسی و ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆیی ئەو وڵاتەدان.

هەروەها رووسیە لەم رۆژانەدا داوای لە نەیارانی ئەسەد کرد کە بۆ وتوویژ لەگەڵ رێژیمی سووریە ئامادە بن و لەو پێوەندییەشدا باس لە گەڵاڵەیەکی مۆسکۆ ـ واشینگتۆن هاتە ئاراوە کە سەردانی ئەخزەر ئیبراهیمی، نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ دیمەشق، بە حکومەتی ئەو وڵاتە پێشنیار کرا.

ئەم گەڵاڵەیە لە راستیدا دەیهەوێ بەشار ئەسەد تا ساڵی ٢٠١٤ لە دەسەڵاتدا بمێنێ و لەو ساڵەدا هەڵبژاردنێکی ئازاد بە بێ بەشداریی ناوبراو لە سوریەدا بەڕێوە بچێت. رێژیمی ئەسەد و هاوپەیمانانی دەیانهەوێ لە ئەگەری پەسەندکرانی ئەم پێشنیارانە لە لایەن بەرەی نەیارانەوە، دەرفەتێك بۆ خۆسازدان و دەربازبوون لە گوشاری سیاسی، ئابووری و سەربازیی هەنووکە پێیان بدرێت.

روسیە کە هەستی بە نزیکبوونی کاتی رووخانی کۆشکی دەسەڵاتی ئەسەد کردووە و سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی نەیتوانی ئیرادەی شۆڕشی خەڵکی سووریە بە چۆکدا بێنێ، دەیهەوێ لانیکەم پاشەکشەیەکی هەنگاو بە هەنگاو و ئابڕوومەندانە بکات و بتوانێ بەشێك لە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سووریەی نوێدا بپارێزێت. دیارە لەو دەرفەتەشدا مۆسکۆ و تاران دەتوانن بە ناردنی چەکوچۆڵ و یارمەتیی ئابووری و لۆجستیکیی زیاتر، پشتی بەشار ئەسەد بگرن و یارمەیتی بدەن بۆ ئەوەی بتوانێ بە سەر دۆخەکەدا زاڵ بێت و وڵاتەکەی لە تیۆلی ژئۆپۆلیتیکی ئێران و رووسییەدا بهێڵێتەوە. بەڵام لێدوانی مەحموود مەعاز ئەلخەتیب، سەرۆکی هاوپەیمانیی نەیارانی ئەسەد هەموو ئەو هەوڵانەی کردە بڵقی سەر ئاو و نیشانی دا کە پشتیوانانی بەشار زۆر درەنگ وەفریای پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە داهاتووی سووریەدا کەوتوون و ئەم هەوڵانەیان وەك هەوڵەکانی پێشوو لەگەڵ شکست بەرەوڕوو دەبێ.

سەرۆکی گەورەترین و گشتگیرترین گرووپی نەیارانی ئەسەد کە گرووپەکەی ئێستا لە لایەن زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و رۆژئاوایی و ناوچەییەوە وەك نوێنەری راستەقینەی خەڵکی سووریە دانی پێدانراوە، هەوڵەکانی تەوەری تاران ـ مۆسکۆ بۆ پێکهێنانی دیالۆگ لە پێناوی ئاشتەوایی نیشتمانیدا بە تەواوی رەت دەکاتەوە و دڵێ تاران بەشێك لە چارەسەرەکانی قەیرانی سووریە نیە، بەڵکو بەشی سەرەکیی خودی قەیرانەکەیە، رووسیەش دەیهەوێ بە فێڵی وتوویژ و دیالۆگ، رەواییەك بە دەسەڵاتی روو لە رووخانی بەشار ئەسەد بدات کە لە ئێستادا هەم لە نێوخۆی سووریە و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە تەواوی دۆڕاوە و رەوایی خۆی وەکوو نوێنەری خەڵکی ئەو وڵاتە لە دەست داوە.

لە ئەگەری شکستهێنانی ئەم پرۆژەیەدا، رێژیمەکانی تاران، دیمەشق و مۆسکۆ لە ئێستاوە چەند سێناریۆی دیکەیان لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی بتوانن رۆڵی نیگەتیڤی خۆیان لە داهاتووی سووریەدا بە شێوەیەکی جیاواز درێژە پێ بدەن و لەو رێگەیەوە بتوانن دەسەڵاتی داهاتووی سووریە و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ناچار بکەن بەشێك لە بەرژەوەندییەکانی ئەم هاوپەیمانییە دۆڕاوە لە داهاتوودا بۆیان بگەڕێننەوە.

دووپاتکردنەوەی ئەزموونی عێراق و نانەوەی کێشە و ئاژاوەی نێوخۆیی و شەڕی ئایینی و ئیتنیکی، سێناریۆیەکە کە بێگومان کۆماری ئیسلامی لە ئێستاوە خۆی بۆ ئامادە کردووە و درێژەکێشانی هەرچی زیاتری ئەو شەڕە لە سووریە، هەم لە ئیدئۆلۆژی و هەم لە سیاسەتی ئیستراتیژیکی کۆماری ئیسلامیدا وەکوو بەرەکەت و دەرفەتێکی زێڕین چاوی لێدەکرێت کە قازانجەکەی لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ رێژیمی تاران و خولیا پووچەکانی بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا. لە ئەگەری سەرکەوتن لەو شەڕەدا رێژیمی تاران دەتوانێ (وەك نموونەی عێراق) سەنگی لایەنە سیاسییەکانی لایەنگری خۆی لە دەسەڵاتی داهاتووی سووریەدا بباتە سەر و ببێتە بەشێك لە واقیعی ژئۆپۆلیتیك لەو وڵاتەدا.

سێناریۆی دیکە، کەڵکوەرگرتن لە جیاوازییە ئایینی، نەتەوایەتی و ئیتنیکیەکانی سووریە بۆ پارچەپارچەکردنی ئەو وڵاتە و پێکهێنانی چەند وڵاتی بچووکی لاوازە کە بێگومان کێشەی سنووری و کێشەکانی دیکەی نێوانیان دەرەتانی دەستێوەردانی رێژیمەکانی وەك تاران لەو وڵاتەدا زیاتر دەکات و دەتوانێ جێگە پێی نوێ بۆ تاران و مۆسکۆ لە ناوچەدا دروست بکات کە ئەگەرچی لە سووریەی یەکپارچەی ژێردەسەڵاتی ئەسەد زۆر بەرتەسکترە، بەڵام دەرەتانی حزووری سیاسی و ئیستراتێژیکی رووسیە و ئێران لە داهاتووی ناوچەدا دەهێڵێتەوە و لە روانگەی ئەوانەوە زۆر باشترە لە سووریەیەکی ئازاد و دێموکراتیك و یەکپارچە کە رووسیە و ئێران بە دوژمنی خۆی دەزانێ.

بەڵام لە هەموو ئەم سێناریۆ جیاوازانەدا تاران و مۆسکۆ لەگەڵ کۆمەڵێك کێشە بەرەوڕوون کە ئەگەری سەرکەوتنی ئەوان لاواز دەکات، یەکەمیان ویستی زۆرینەی گەلانی سووریە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە و رق و نەفرەتێکە کە رۆڵی نیگەتیڤی ئێران و رووسیە لەو وڵاتەدا پێکی هێناوە و لە راستیدا زۆربەی خەڵك و گەلانی سووریە پشتیوانیی تاران و مۆسکۆ لە سەرکوتەکانی ئەسەد بە پەڵەیەکی رەش لە نێوچاوانی ئەو دوو حکوومەتە دەزانن کە بەم زوانە لە بیرگەی مێژوویی گەلانی سووریەدا ناسڕێتەوە.

دووهەمیان، ویستی کۆمەڵگای جیهانی و وڵاتانی دراوسێی سووریە بۆ بنبڕکردنی ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی ئەسەد و هاوپەیمانانی لە سووریەدایە کە تاران و مۆسکۆ لە هەوڵەکانیاندا زۆر لاواز و بێ پشتیوان دەکات.

سێهەمیان، دۆخی سیاسی و ئابووریی نێوخۆی هاوپەیمانانی ئەسەد، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامییە کە توانای مانۆڕدان و رۆڵگێڕانی ئەوان لە درێژخایەندا زۆر کەم دەکاتەوە. کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی لەگەڵ کاریگەری گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕشی نێوخۆیی و مەترسیی هێرشی سەربازیی دەرەکیدا بەرەوڕوو و رووسیەش لە دۆخێکی ئابووریی هەستیاردایە کە توانای کێبەرکێی سیاسی و چەکداریی ئەو وڵاتە لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی بەرتەرسك دەکاتەوە، هەر بۆیە نایهەوێ لە سووریەدا لە زەلکاوی شەڕێکی درێژخایەنی وەك ڤێتنام بچەقێت و ئابڕووی سیاسیی خۆی لەوە زیاتر لە قوماری سووریەدا بدۆڕێنێت. لێدوانەکانی ئەم دواییانەی رێبەرانی مۆسکۆ ئاماژەیە کە بۆ نیگەرانی لەو داهاتووە پڕ مەترسییە.

# رێگای دژواری دێموکراسی لە میسر

■ کەیهان یووسفی

راستییەکان باس لەوە دەکەن کە شۆڕشی مەیدانی تەحریری میسر کە سەردەمانێك خواستەکانی ئازادی، دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بوو، خەریکە بەرەنجامەکەی دەبێتە حکوومەتێکی ئیسلامی کە هیچ وێکچوونێکی لە گەڵ ئەو دروشمانە نیە و بۆ زۆر کەس ئەم پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە ئایا سناریۆی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران خەریکە بۆ میسریەکانیش دووپات دەبێتەوە.

ئێستا بۆ گشت کەس روون و ئاشکرایە کە ئەخوانۆلموسلمینی خاوەن پلان و پرۆژە، خەریکە دەبێتە رۆڵگێڕی تاقانەی گۆڕەپانی سیاسی میسر. راپرسی پێشنووسی یاسای بنەڕەتی میسر کە ٦٣ لە سەدی دەنگەکانی بە دەست هێنا توانی دەرجەی قەبووڵی وەربگرێت و پەسەند بکرێت. پێشنووسێك کە ئیسلام و شەریعەی ئیسلامی بە سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان لە میسردا دەزانێت و ئەمەش لایەنگرانی دێموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و لایەنەکانی دیکەی نێوخۆی میسری تووشی نیگەرانی کردووە.

مەحموود مەکی، جێگری مەسیحی مۆرسی، پێش لە کاتی بەڕێوەچوونی راپرسیەکە لە پۆستەکەی خۆی کشایەوە. ئەمەش پەرچەکردارێکی ناڕازییانە بوو بە نیسبەت بەڕێوەچوونی راپرسیی پێشنووسی یاسای بنەڕەتی، چونکو لەم پێشنووسەدا مۆرسی ئیدی جێگری نیە و مەکی بە شێوەی ئۆتۆماتیك وەلا دەنرا و ناوبراو خۆی پێشدەستی کرد و خۆی نامەی کشانەوە لە پۆستەکەی نووسی.

بەرەی رزگاری نەتەوەیی کە رەوتەکانی لیبراڵ، چەپ، نەتەوە گەراکانی ناسری، چالاکانی مەدەنی، بەشێك لە ئەفسەرانی پلە بەرزی سوپای میسر کە وەلانراون، پاشماوەکانی سەردەمی موبارەك و خەڵکی هەژار لە خۆ دەگرێت، ئەگەرچی بە وەڕێ خستنی نارزایەتیگەلێك پێش لە کاتی بەڕێوەچوونی راپرسیەکە دەیانویست پێش لە بەڕێوەچوونی بگرن، بەڵام لە کردەوەدا هیچ سەرکەوتنێکیان بە دەست نەهێنا. ئەوان ئەگەرچی لە سەرەتادا لە سەر بایکۆت و بەشداری نەکردن لە راپرسیەکەدا جەختیان دەکردەوە، بەڵام لە کۆتاییدا لە مەڕ بەشداریکردن و دانی دەنگی نەرێنی بە پێشنووسی یاسای بنەڕەتی لە نێو خۆیاندا رێککەوتن، بەڵام دیسانەوە ئەوە ئەخەوانەکان بوون کە لە ئاکامدا توانیان بە بە دەست هێنانی زیاتر لە ٦٣ لە سەدی دەنگەکان، پێشنووسەکە پەسەند بکەن. بەڵام خاڵی جێی سەرنج بەشداری کەمی خاوەن دەنگەکان لەم راپرسیەدا بوو. بە پێی ئەو ئامارانەی کە بڵاو بوونەتەوە تەنیا یەك لە سەر سێی خاوەن دەنگەکان لەم راپرسیەدا بەشدارییان کردووە کە ئەمەش دەتوانێت دژبەرانی ئەخوانەکان دڵخۆش بکات بەوەی کە لە داهاتوودا قورسایی تەرازووەکە بە قازانجی ئەوان دەشکێتەوە.

لایەنگرانی دێموکراسی هەر لە سەرەتاوە نیگەرانی خۆیان لە مەڕ بەدەسەڵات گەیشتنی ئەخوانەکان دەربڕی بوو. نیگەرانیەك کە رەنگە زۆر کەس ئەوکات لە ژێرکاریگەری شەپۆلە ئیحساسیەکانی شۆڕش و رووخانی دیکتاتۆرییەکەی موبارەك، هیچ ئاوڕێکیان لێ نەدایەوە.

بەڵام واقعیەت ئەوەیە کە ئاسۆی ئەندێشەی ئەخوانەکان دروستکردنی حکومەتێکی




ئیسلامیە کە موحەممەد مۆرسی خەریکە شکڵی یاسایی دەداتە رێڕەوی وەدیهاتنی.

لە ئەندێشەی سیاسی ئەخوانەکاندا ئەم گرووپە بە دوای بنیاتنانی دەوڵەتێکی ئیسلامیدایە.

دروشمی ئەوان بریتیە لە :» خودا کۆتایی ئێمەیە، پێغەمبەر رێبەری ئێمەیە، قورئان یاسای ئێمەیە، جیهاد رەوشی ئێمەیە و کوژران لە رێگای خودادا گەورەترین ئاواتی ئێمەیە». وەها ئەندێشەیەك بێ شك دەرفەتێك بۆ قسەکردن لە دێموکراسی و پێکەوەهەڵکردن لە گەڵ غەیری خودیدا ناهێڵێتەوە. لە پێشنووسی یاسای بنەڕەتیدا هیچ ئاوڕێك لە ئایینەکانی دیکە نەدراوەتەوە. شایانی باسە کە نزیکەی ١٥ لە سەدی حەشیمەتی میسر، مەسیحیەکان پێکی دێنن کە بە شێوەی راشکاوانە لە پێشنووسی یاسای بنەڕەتیدا وەلا نراون. یان نزیکەی یەك لە سەدی حەشیمەتی میسر شێعەکان پێکی دێنن کە ئەوانیش قەت لە بەرچاو نەگیراون.

روونە کە بە بە هێز بوونی هەرچی زۆرتری دەسەڵاتی مۆرسی و ئەخوانەکان لە میسر، بەستێن بۆ مانۆڕی هەرچی زیاتری توندئاژۆکانی ئیسلامی فراوانتر دەبێت.

شەڕ لە میسردا هەنووکە بۆتە دوئیلێك لە نێون نەریت و مودیرنیتەدا. نەریت و بکەرانی ئەوان واتا ئەخوانەکان و لە پشتی ئەخوانەکانەوە ئیسلامیستە توندڕەوکان بە دوای گەڕاندنەوەی کۆمەڵگای میسر بۆ دواوەن و لە هەوڵی سڕینەوەی گشت ئاسەوار و دەستکەوتەکانی مودێڕن لە کۆمەڵگای میسردان. سیکۆلارەکان و چەپەکان و کۆمەڵگای مەدەنی میسر لە هەوڵی ئەوەدان کە پێش بە دامەزرانی دەسەڵاتێکی ئایینی لە میسردا بگرن. دەسەڵاتێك کە توانایی ئەوەی هەیە وەکوو شۆڕشی١٩٧٩ی ئێران، وڵاتی میسر لە نێو زەڵکاوێدا نوقم بکات کە دەرهاتن لەوێ زۆر دژوار دەبێت. ئەزموونی ئێران سەلماندوویەتی کە ئیسلام لە چوراچێوەی حکوومەتدا دەتوانێت بەستێنی کەڵکئاژۆی دەسەڵاتخوازانێك وەکوو رێبەرانی رێژیمی ئێران بێت و کارەساتگەلی مرۆیی لێ بکەوێتەوە و لە ئاکامدا دیکتاتۆرییەکی مەرگهێنەر بە سەر کۆمەڵگای میسردا زاڵ بکات کە ئەمەش بیروڕای جیهانی و میسریەکانی بە جیددی نیگەران کردووە.

دڵنیگەرانییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی میسر و هەوڵ و تەقالاکانی رەوتە ئیسلامیەکان، لێکۆڵەرانی مەسایلی سیاسی تووشی سەرلێشێواوی کردووە، بە چەشنێك کە داهاتووی میسر بۆ کوێ دەڕوات؟ پرسیارێکە کە دەتوانێت وەڵامگەلێکی زۆری پێ بدرێتەوە.

# به وەستانی ژیانی سەرۆک تاڵەبانی، عێراق تووشی ئاڵۆزی دەبێت

■ ن: پیتەر دەبلیو گالبرێس

■ و لە ئینگلیزییەوە: موعتەسەم نوورانی



لەو قۆناغەدا، پێشبینی داهاتوویەکی دوور، بۆ ڕێزدار جەلال تاڵەبانی سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ، کە سەرەتای حەوتووی رابردوو تووشی سەکتەی مێشك هات، هێندێك ناڕوونە. بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ هاوڕێی من بوو، بۆ من جێگای ڕێز بوو هیوادارم بلیمەت و زانایی و شعووری لەرادەبەدەری کە لە جەوهەر و ناخی ئەودایە نەجاتی بدا و نەخۆشییەکەی چاك ببێتەوە. لەگەڵ ئەوە، خەباتێکی بەردەوام و نەپساوەی کرد، بۆ یەکەمجار لە هەڵبژاردنێکی دێموکراتیکدا بە سەرۆك كۆماری وڵات هەڵبژێردرا، لە مێژووی دووورودرێژی شوێنێك کە وەك بێشکەی شارستانییەت سەیر دەکرێ. ئێستا زوویە بۆ پێشبینی کردن بۆ ئەوەی بزانین چۆن دەبێ بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە رەنگە ئەو کارایییەی جارانی نەبێ و بەداخەوە لە کیس دەچێ.

ڕێزدار تاڵەبانی کە هەموو ژیانی خۆی فیدای ئارمانەکانی خۆی بۆ رزگاری نەتەوەیی و کوردستان کرد. بە بەردەوامی وەك مرۆڤێکی ئاشتیخواز و کەسایەتی ڕێکخەر پێناسەکراو و لە راستیدا، رەنگە لە نێو سەرکردە سیاسییەکانی عێراقی فیدراڵدا تەنیا کەسایەتێك بێ کە توانیویەتی یەکیەتی و تەبایی لە نێویان دروست بکا. بە تەنزێکی سیاسی دەکوترێ، کە تاڵەبانی هەر نەتەوەیی بیر دەکاتەوە لەگەڵ ئەوەی سەرۆك كۆماری عێراقە کاتێك قسە دەکا و دەڵێ «وڵاتەکەم» مەبەستی لە کوردستانە، نەك عێراق، زۆر ماندوونەناسانە بە گوێرەی دەستووری بنەڕەتی عێراقی فیدراڵ بەرگریی لە مافەکانی کورد کردووە.

بەڕێز جەلال تاڵەبانی، بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە، بۆنە و ئاهەنگە فەرمییەکان لە کۆشکی سەرۆك كۆماریدا پێك هێناوە بۆ لە دەوری یەك کۆکردنەوە و نێوبژیوانی و هێورکردنەوەی ململانێکانی نێوان شیعە و سوننە و کورد لە عێراقدا، لە راستیدا ئەو سەرکردەیە ناوبژیکار بوو. ماوەیەك لەوەی پێش ڕێککەوتننامەیەکی لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ بەجێ گەیاند کە هێزەکانیان لە ناوچە دابڕاوەکانی دەوروبەری کەرکوك کشاندەوە، لە لایەکی دیکە لە نێوان سوننە و شیعەکان و تەنانەت لە نێوان گرووپە شیعەکانیشدا نێوبژیوانی کرد. هەتا بۆی کرابێ هەوڵی داوە بۆ ئاشتی و برایەتی لەو وڵاتەدا.

هەڵسووکەوتی سەرۆك تاڵەبانی بێ هاوتایە، لەگەڵ ئەوەی سەرۆك كۆمارە، لەگەڵ هەموو کەس بە گەرمی رەفتار دەکا و بەوپەڕی سادەیی و خۆبەزلنەزانی ڕێز لە میوانەکانی دەگرێ. ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دیویانە و دەزانن چەندە سەرو رووخۆشە، لەگەڵ ئەوەی فەرمیترین سەرۆك كۆمارە، سەروسڵاوێکی لە رادەبەدەر گەرمی لەگەڵ میوانەکانی هەیە و بە گەرمی ماچیان دەکا و لە ئامێزیان دەگرێ. خاوەنی قسەی خۆش و مەجلیسی خۆشە، دەست و دڵ ئاوەڵایە و سفرەی رەنگینە، زۆر سەخاوەتمەندانە خزمەتی میوانەکانی دەکا. حکوومەتی تاڵەبانی و پێوەندییە سیاسییەکانی جێگای ڕێزن نەك لەبەر پلە و پایەکەی بەڵکوو لەبەر ئەوەی کەسایەتیەکی خاوەن بڕیار و خاوەن هەڵوێستە و دڵنیایە لە بڕیارەکانی و بە درێژایی تەمەنی، بە دژی دیکتاتۆریی و سەرەڕۆیی خەباتی کردووە.

ئەو تایبەتمەندییانەی ڕێزدار مام جەلال وایان کردووە، جێگەی پڕ نەکرێتەوە، باش وایە کە هەتا وەهۆش دێتەوە و خۆی دەگرێتەوە کەس لە جێگای ئەو دیاری نەکرێ.لە راستیدا کوردەکان بۆیە حەزیان لە سەرۆك كۆماری تاڵەبانی دەکرد، چونکە لە نێو هەموو سەرکردە عێراقییەکاندا کەسایەتی دیار و بە توانا بوو. هەوڵی دەدا کێشە سیاسییەکانی نێوان پارتی دێموکرات و یەکیەتی نیشتمانی وەك دوو حیزبی سەرەکی گۆڕەپانەکە لە ڕێگای دیالۆك لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکەوە چارەسەر بکەن. ئێستا خەڵکی کوردستان رەنگە وەك پێویست نرخی ئەو سەرۆك كۆمارییەی بەڕێز مام جەلال هەست پێ نەکەن، بەڵام دوای ئەوەی کە ڕێزدار تاڵەبانی سەرۆك كۆمار نەما ئەوجار نرخی ئەو دەزانن کە چەندە گرینگ بووە.

کوردەکان دەیانەوێ بەغدا مافە دەستوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە نەوت بپارێزێ و ڕێگا بدات ڕێفراندۆمەکانی بۆ گەڕانەوەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان کە بە گوێرەی دەستوور دانـدراون بەڕێوە بچن و کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەوان دەبینن کە نوری مالکی سەرۆك وەزیران، کۆسپی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. هەروەك لەبەر چاوییانە لەوە نیگەرانن کە هەتا دێ زیاتر دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ و بەرەو دیکتاتۆریی دەڕوات. هەر بۆیە کوردەکان رەنگە ئەو نەرمی نواندنەیان تێدا بەدی بکرێ. کە واز لە پۆستی سەرۆك كۆماری بێنن و معامەلەیەکی بەربڵاوتر بکەن بۆ گۆڕینی مالکی لەگەڵ ڕێبەرێك کە ویست و مافەکانیان وەدی بێنێ. بەڕێز تاڵەبانی هەمیشە ئاشتیخواز بووە.

سەرەتای ساڵی رابردوو یارمەتی مالکی کرد بۆ ئەوەی دەیانەویست دەنگی متمانەی لێ وەرگرنەوە. بەرەی کورد و لایەنگرانی ئەیاد عەلاوی سەرۆك وەزیرانی پێشوو پێکەوە یەکیان گرت و دەنگی پێویست بۆ ئەوەی نوری مالکی بگۆڕن وەدەست هێنا.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە هەڵبژێراوی خەڵکی خۆیەتی، سوپایەکی بەهێزی هەیە، پێشمەرگەی کوردستان، کە لە بەرامبەر مالکی و حکوومەتی فیدراڵدا زۆر بەهێزە.

ئابووری کوردستان پەرەی ئەستاندووە و بە تەواوی گەشەی کردووە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان جار بە دوای جار زیاتر، پێوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بەتایبەت لەگەڵ دراوسێکەی تورکیە بەهێز دەکا. (بە هەڵسەنگاندنی پێوەندی نێوان مالکی سەرۆك وەزیرانی عیراق لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرۆك وەزیرانی تورکیە کە پەیوەندییەکەیان ژەهراوییە) بەغدا هیچ دەسەڵات و توانایی و کارێگەریی لە هەولێردا نییە. بە گوێرەی دەستووری بنەڕەتی عێراقی، پارلمانی کوردستان دەتوانێ ئەو یاسایانەی کە لە حکوومەتی فیدراڵدا بۆ کوردستان دادەنرێن، بە گوێرەی بارودۆخی کوردستان بیانگۆڕێ یان رەتیان بکاتەوە، بەڵام بە کردەوە حکوومەتی فیدراڵ هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نیە، هەر وەك ئەوانیش کەمتر دەست لە کاروباری ناوەند وەردەدەن.

هەتا ئەم کاتەش، نەبوونی وجوودی ڕێزدار تاڵەبانی لەنێو خەڵکی عەرەب و بەگشتی ناوچە عەرەبنشینەکان زیاتر هەستی پێ دەکرێ لە کوردستان چونکە لە کاتی شەڕی نێوخۆیی عێراقدا بەڕێز مام جەلال و ڕێزدار بارزانی پەناگایەکی ئەمنییان لە کوردستان بۆ مەسیحییەکان و عەرەبی سونە پێك هێنا کە لە ترسی توندوتیژییەکانی تایفی و مەزهەبی رایان کردوە، تەنانەت پێش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥ ببێتە سەرۆك كۆمار، تاڵەبانی لەگەڵ شێخەکانی سوننەی عێراق ئاشنا بوو، بەشێك لەوانە کە ناچار کرابوون را بکەن بێنە کوردستان لە دوکان تەنیشت بەنداوەکە شوێنی حەسانەوەی مامە، چاویان پێکەوت کە بە تەواوی هەست دەکرا کە سوننەکان کەوتوونە پەراوێزەوە پاش ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ کاتێك ئیلیتە سیاسییەکانی عێراقی و سیاسەتڤانەکانی ئەمریکی کۆبوونەوە. تاڵەبانی نیگەرانی خۆی لە کوشتاری شیعەکان دەربڕی هەم داوای لە سوننە کرد و هەم لە شیعە و هەموو هەوڵی خۆی بۆ ئارامکردنەوەی عێراق بەکار هێنا.

ڕێزدار مام جەلال بۆ ماوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵ، لە هەستیارترین ناوچەی جوگرافیای سیاسیی جیهاندا، بۆ دێموکراسی، ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بە دژی دیکتاتۆریی خەباتی کرد. ئاشتیخواز و نێوبژیوانکارێکی بە توانایە.

سەرچاوە:

www.foreign Policy.com

# تەحریمی کەرتی نەوت و ئاسەوارەکانی

■ شەماڵ تەرغیبی

ئابووری تاك بەرهەمیی ئێران بە هۆی تەحریم و گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و بەڕێوەبەری لاوازی حکوومەتی کەوتۆتە نێو گێژاوی لەنێوچوون. بە هۆی پێداگری و بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی ئێران لەمەڕ پیتاندنی ئۆرانیۆم و هەوڵدان بۆ سازکردنی چەکی ناوکی کۆمەڵێك تەحریم و گەمارۆی شوێندانەر لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و یەکیەتی ئورووپا و کاناداوە خراوەتە سەر کەرتی نەوت و گاز و سیستمی بانکی ئێران کە کاریگەری تەواوی لەسەر شادەماری ژیانی ئەم وڵاتە داناوە. کارتێکەری ئەم تەحریمانە تا ئەو رادەیە بووە کە بەپێی وتەی دێوید کۆهێن، جێگری وەزیری خەزێنەداری ئامریکا و دوایین راپۆرتی ڕێکخراوی هەناردەکارانی نەوت ناسراو بە ئۆپێڵ، لە کۆی هەناردەی نەوتی ئێران لە رۆژەدا زیاتر لە یەك میلیۆن بەرمیل نەوت کەمی کردووە و بەکردەوە جێگەی خۆی لەم ڕێکخراوەدا داوە بە وڵاتی عێراق. دوابەدوای چەسپاندنی گەمارۆکانی رۆژئاوا بە دژی ڕێژیمی تاران، ئاستی هاوردەکردنی نەوتی ئێران لە لایەن وڵاتانی ئاسیایی و ئورووپاییەوە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆوە بینی کە دەکرێ ئاماژە بە وڵاتانێکی وەك ژاپۆن، کۆریای باشور، تورکیە و بریتانیا بکەین کە بە سەرەکیترین کڕیارانی نەوتی ئێران دەهاتنە ئەژمار. لە لایەکی دیکەوە بەپێی دوایین راپۆرتی دامەزراوەی نێونەتەوەیی کاروباری ماڵی کە ڕێکەوتی ١٠ی دێسامبر بڵاوی کردۆتەوە: لە ئاکامی تەحریمەکان بۆ سەر ئێران، ئەم وڵاتە تووشی داتەپینی ئابووریی بووە و نێونجی نرخی هەڵاوسان لەوێدا گەیشتۆتە ٥٠٪ و نرخی بەرهەمی ناپاقژی نێوخۆیی ٣/٥٪ کەمی کردووە واتە گەشەی ئابووری وڵات لە ئەمساڵدا گەیشتۆتە ـ٣/٥٪. دۆخی نالەبار و روو لە داتەپینی ئابووریی ئێران لە لایەکی دیکەشەوە لەسەر مەسەلەی بێکاری و گرانی لە وڵاتدا کاریگەری هەبووە بە چەشنێك کە تەنانەت ئێستا بە پێچەوانەی رابردوو خودی لێپرسراوانی حکوومەتیش باسی لێوە دەکەن. عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیم لە مانگی رابردودا وەزعییەتی وڵاتی بە «وشکەساڵی ئابووری» وەسف کردووە و غولامڕەزا تاج گەردون ئەندامی فراکسیۆنی ئوسولگەرای مەجلیس، مەجلیسی نۆیەمی وەك «مەجلیسی قاجار» و دەوڵەتی ئەحمەدی نژادیشی وەك دەوڵەتی «رەزا قولدوڕ» ناو برد و وتی: بانگەوازی نالێهاتووییمان لە هەمو دنیادا بڵاو بۆتەوە!! ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس رۆژی ٣شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی دێسامبری ٢٠١٢ ئاشکرای کرد لە مانگی رەزبەری ساڵی ٩٠ تاکوو رەزبەری ساڵی ٩١ ئاستی بەرهەمهێنان ٤٠٪ و ئاستی کار و پیشە ٣٦٪ کەمی کردووە و لە بەرامبەریشدا نرخی بەرهەمەکان ٨٧٪ و نرخی ماددەی سەرەتایی بۆ بەرهەمهێنان ١١٢٪ زیادیان کردووە.

جگە لەمانەش تەحریمەکانی سەر کەرتی نەوت و گاز شوێندانەری لەسەر نرخی دراوی وڵات و دراوە بیانییەکانیش داناوە و هەڵبەزو دابەزەکانی بازاڕی ئەرز سەلمێنەری ئەم راستییەن. بەپێی دوایین هەواڵەکانی تاکوو رۆژی ٢شەممە، ٤ی بەفرانبار نرخی هەر دۆلارێکی ئامریکا لە سنووری ٣٣٥٠ تمەن تێپەڕیوە و ئەمەش دەرخەری ناکارامەبوونی سیاسەتە ماڵی و دراوییەکانی ڕێژیم لە یەك ساڵ و نیوی رابردوودایە کە بۆ کۆنترۆڵی بازاڕ گرتبوویە بەر.

تەحریم و گەمارۆکانی رۆژئاوا بە دژی سیاسەتە زێدەخوازانەکانی ڕێژیمی تاران جیا لە کارتێکەرییە ماڵی و ئابوورییەکان، باری کۆمەڵایەتی و دەروونی گەلانی ئێرانیشی خستۆتە ژێر رۆڵ و باندۆری خۆی. رۆژی ٢شەممە ڕێکەوتی ٥ی نوامبر حسێن عەلی شەهریاری، سەرۆکی کومیسیۆنی لەش ساغی مەجلیسی ڕێژیم وتی: بە هۆی چوونەسەری نرخی هەڵاوسان لە دەرەنجامی تەحریمەکان و لاوازیی بەڕێوەبەریی، کۆمەڵگای ئێران تەنیا ٢ توێژی کۆمەڵایەتی تێدا ماوە: هەژار و دەوڵەمەند، واتە چینێك بە ناوی نێونجی بونی نەماوە. ئەمەش لە جێگەی خۆیدا روانینی رەوانی و دەرونی کۆمەڵی خستۆتە ژێر باندۆر و کاریگەری خۆی و ڕێژەی دیاردەگەلێکی وەك لەشفرۆشی، منداڵانی کار، شەڕفرۆشی، دزی، دەستدرێژی، رووتاندنەوە و ... زیاد کردووە. لە بەرامبەردا گەورە لێپرسراوانی ڕێژیمی ویلایەتی فەفیە لە باتی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو و پرسی «ئابووری بەرەنگاری» (اقتصاد مقاومتی) یان هەڵبژاردووەکە روونە ئەمە لە ترسی ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕشی جەماوەرییە لە ئێراندا. سەلمێنەری ئەم وتەش دەتوانێ هەمان ئاخاڤتنی سەید محەممەد حسێنی وەزیری ئیرشاد لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی راگەیاندنەکانی ڕێژیمدا بێت کە داوای لێکردوون «ئاستی کێشە و قەیرانە ئابوورییەکان» کەمتر بخەنەڕوو لەبەرامبەردا پەرە بە گوتاری ئابووری بەرەنگاری بدەن. پرسێك کە کارناسان و چاودێران بە ڕێکوێرە و بنبەستی ئابووری و مودیرییەتی ڕێژیمی لەقەڵەم دەدەن.

## جووت حەوت

هەوراز

شێخ جەعفەر شوجوونی، ئەندامی «جامعە روحانیت مبارز» واتە «کۆمەڵەی ئاخوندە شۆڕشگێڕەکان؟ !!!»

دەڵێ: «عەلی خامنەیی داخی لە دڵدایە کە شەو و رۆژ قسە دەکات»

کەواتە سەیدعەلی لە خەویشدا قسە دەکات، یان رەنگە هەر لە بەر داخی دڵی، خەوی لێ نەکەوێ، با کوورش ئارام بگرێ.

شوجوونی هەروەها دەڵێ: «٥٧ ساڵ ئەو کوڕ و باوکی پەهلەوییە وڵاتیان کاوڵ کرد، لەو چەند ساڵەشدا کە دوژمنان بە شەڕ و گەمارۆ نەیانهێشت نیزام (ریژیم) ئاوەدان بکەینەوە.»

قاجارەکان کە وڵاتیان خاپوور کرد، کوڕ و باوکیش کە کاولیان کرد، ئێوەش کە دەتانهەوێ نیزام ئاوەدان بکەنەوە (نەك وڵات)، کەوابوو ئەم وڵاتە خزمەتکاری باشتر لە هۆلاکۆخانی مۆغۆلی بە خۆیەوە نەبینیوە. بڵێی لەمە خراپتریش روو بکاتە کەس؟ ئای ئێران خانمی هەژار! خۆزگە ناوی توش غەزەنفەر بوایە! لانیکەم کەس تەماعی تێ نەدەکردی.

شوجوونی دیسانیش دەڵێ: «ئسیلاحخوازان غەڵەت دەکەن( ڕێگەیان پێ نادەین بێن) لە هەڵبژاردن( مارگیری و فێڵی سندووقی سپی ) دا بەشداری دەکەن(بەزم دەگێڕن). مەگەر لێرە قاتیی پیاوە؟ (نەوەڵڵا بەخوا، کێشەی ئێوە هەڵبژاردن لە نێوان مێسی و رۆناڵدۆ و زیدانە، نەك ئەحۆل و مەنووچ و شاکەرەم)

جافر زیادەی کرد: «زۆر خراپە سەرکۆمار(پینۆکیۆی زیندوو) بڵێ ناوی ٣٠٠ کەس لە دزەکان لەگیرفانی مندایە.

لە گیرفانی تۆدا چ دەکات؟ (دەیەوێ بڵێ ناماقووڵیت کرد یان شتێك خوارد، بەڵام لە رووی هەڵنایە)»

ئەرێ بەخوا جافرگیان! چاوت لێیە مەحموود چ هار و هاجێکە؟ جا بۆ دەڵێی ئیسڵاحخواز خراپن؟

حەیفی خاتەمی نەبوو مریشکیش سڵی لێ نەدەکرد؟ بیهێنەوە خاڵەگیان! بۆ ئەو مەبەستەی کە ئێوە دەتانهەوێ، پەحە لە ئەحە باشترە.

_عەلیرەزا پەناهیان، ئەندامی قەرارگای عەمار دەڵێ : «هۆی جنایەتەکانی سووریە کەمبوونی «تەلەبە» ( واتە کۆلکە ئاخووند) لەو لاتەدایە. پێم وابێ بەڕێزیان جنایەتەکانی بەشاری پێ کەمە و دەڵێ ئەگەر ڕێگە بدەن ئێمە تەلەبەی زیاتر بنێرین، ئاستی جنایەتەکان دەگاتە ئەو شوینەی کە ئ□ێمە دەمانهەوێ واتە ئەسپەکەی ئاغا تا ئەژنۆ بچەقێتە خوێن.

# داهاتوویەکی لێڵ لە ژێر کاریگەری و بەردەوامیی گەمارۆکان دا

■ دارا ناتق




گۆشارەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و پێڤاژۆی گەمارۆکان بە شێوەیەکی بەرفراوان و پەراوێزخستن و مەحکوومییەتی ڕێژیم لە ئاستی ناوچە و جیهانیدا، هەروا بەردەوامە. لە نوێترین گەمارۆکانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆ سەر ئەو وڵاتە، ئامریکا و یەکیەتیی ئورووپا لە پێوەندی لەگەڵ پرۆگرامی ناوکیی و مووشەکیی ئەو وڵاتەدا، کۆمەڵێك لە کۆمپانی و کاربەدەستی ئەو وڵاتە بە تایبەتی کۆمپانی هێنان و هەناردەی «ساد» لە تاران، واتە سازمانی سەنایعی دەریایی، وەزارەتی دیفاعی ئێران، کۆمپانی نێودەوڵەتی دۆستان و گرووپی سەنایعی کیمیایی و پەرەپێدانی خۆراك، سەر بە ڕێکخراوی سەنایعی دیفاعی لە لایەن ئامریکاوە گەمارۆ دران. هەروەها یەکیەتیی ئورووپاش ١٨ کۆمپانی و چەند کاربەدەستی دیکەی ئێرانی بە هۆی هاوکاری لەگەڵ پرۆگرامی ناوکیی ئێران بە لیستەی گەمارۆکان زیاد کرد. واتە بە پێی دوایین ئامارەکان زیاتر لە ٤٩٠ کۆمپانی و دەزگای جوراوجۆر و ١٠٥ کاربەدەستی پایەبەرزی ئەو وڵاتە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە گەمارۆیان خراوەتە سەر. گەمارۆ نوێیەکانی ئورووپا زیاتر بە مەبەستی سەقەتکردنی سیستمی بانکی، کەشتیرانی و هەناردەی گازی ئێران بەڕێوە دەچن. هاودەنگی و گەمارۆکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە دژی پرۆگرامە ناوکییەکانی ئێران و سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە و کردەوە تیرۆریستییەکانی حکوومەتی ئیسلامی ئێران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە پەرەسەندندایە و قوربانیی سەرەکی ئەو سیاسەتە چەوتەی ڕێژیمیش تەنیا خەڵکی بێ تاوانی ئەو وڵاتەن.

گۆشار و گەمارۆکانی سەر ئەو وڵاتە لە ئاکامی سیاسەتی چەوت و پاوانخوازی عەقڵییەتی چەقبەستوو و دواکەوتووی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدایە، بەتایبەتی گوێنەدان بە ویست و خواستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و یاسا و ڕێسا پەسەندکراوە جیهانییەکان، هەوڵدان بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی کە بۆتە گەورەترین مەترسی بۆ سەر تەناهی جیهانی و نیگەرانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، داڵدەدانی گرووپە توندئاژۆخوازەکان و دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوە لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە بە گشتی، سەرکوت و ئێعدامی هاووڵاتیان و سەدان کردەوەی نامرۆڤانەی دیکە.

هەنووکە دەبینین کە بە هۆی تەریککەوتنەوەی ئێران لە ئاستی کومەڵگای جیهانی و بەرفراوانبوونی بازنەی گەمارۆکان بە دژی ئەو ڕێژیمە، ئابووری ئەو وڵاتە بە گشتی خەریکی هەرەسهێنانە، بە چەشنێك کە بەهای پارەی ئێران لە بەرامبەر ئەرزە بیانییەکاندا، لە سەدا حەفتا هاتووتە خوارەوە و ڕێژەی بێکاری بە شێوەیەکی بەرچاو چووەتە سەرێ و زۆرێك لە کۆمپانییە نێوخۆییەکان بە تەواوی کارەکانیان ڕاوەستاون. هەروەها چوونەسەرێ نرخی کاڵا و بە تایبەتی شتوومەك و خواردەمەنییەکان، پشتی خەڵکی هەژار و بێ دەرەتانی لە ئێراندا شکاندووە و دیاردەی بێ هیوابوون بە ژیان و ئاستەمبوونی بژێوی ژیان تەواوی کومەڵگای ئێرانی گرتووەتەوە، هەموو ئەوانە بوونەتە هۆی ئەوەیکە دەیان دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا سەریان هەڵداوە و بەم پێیە چارەنووسی وڵاتەکەمان بەرەو ئاقارێکی نادیار دەچێت. لە لایەکی دیکەوە دەکرێ بڵێین کە گاریگەری ئەم گەمارۆیانە هاوکات بۆتە هۆی پەرەسەندنەوەی زیاتری سەرهەڵدانی سەدان کێشە و گیروگرفتی وەك گەندەڵیی دارایی و ئیداری و جیاوازی هزری و ململانێی دەسەڵاتخوازیی لە نێوان کاربەدەستانی پێکهاتەی ئەو ڕێژیمەدا.

بەڵام گەمارۆ و گوشارە جیهانییەکان بۆ سەر ئەو وڵاتە وێڕای تەریکخستنەوە و هەرەسهێنانی ئابووریی وڵات و پێکهێنانی قەیرانی بنەڕەتی لە ئاستی پێکهاتەی ئەو وڵاتەدا، تا ئێستاش نەیتوانیوە هیچ کاریگەری و گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بڕیارەکانی ناوەندی ئەو ڕێژیمەدا پێك بێنێ و ڕێژیم هاوکات وێڕای پێداگری زیاتر لە سەر ویستە دزێوەکانی ئامادە نەبووە گوێ بۆ خواستە ڕەواکانی کۆمەڵگای جیهانی شل کات و بەردەوام بە هۆی نانەوەی شەڕ و ئاژاوە لە ناوچە و هەناردەکردنی تیرۆریزم بۆ دەرەوەی وڵات، خەریکی گەمەی سیاسی و کڕینی کاتە لە پێناو بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی. لە لایەکی دیکەوە سیاسەتی دووفاقی و بەرژەوەندیخوازانەی چین و رووسیە و هێندێك لە وڵاتانی دیکە و هاودەنگ نەبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی بە دژی ئێران، دەرفەتی هێندێك مانۆڕی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ ئێران هێشتۆتەوە.

هەر بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانە، پێویستە کە کۆمەڵگای جیهانی چی دیکە ئیزن بە حکوومەتی ئیسلامی ئێران نەدەن کە بە بیانووی درێژەدان بە وتوویژ و دیپلۆماسی، دەرفەتی کڕینی کات و گەمەی سیاسی بەدەست بێنێ و پێویستە لەو پێوەندییەدا هەنگاوی بەکردەوە و جددیتر هەڵبگیردرێ و خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و قوربانیانی ئەم سیاسەتە چەوتەی ڕێژیمیش، پێویستە کە چی دیکە قەدەر و چارەنووسی خۆیان و نەوەکانی داهاتوویان فیدای پاوانخوازیی کۆماری ئیسلامی نەکەن و لە پێناو ئازادی و ڕزگاربوون لە تاریکی و بنیاتنانەوەی داهاتوویەکی گەش و کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك، هەڵوێست و هەنگاوی بە کردەوە و شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەڵبگرن.

# هەوراز و نشێوی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیە

■ شەهاب خالیدی

هەر دوو وڵاتی ئێران و تورکیە لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا هەوراز و نشیوێکی زۆر لە پێوەندییە سیاسیەکانی نێوانیاندا هەبووە و لە سەر پرسە سیاسییەکانی ناوچە و جیهان هەندێجار هاوهەڵوێست و هەندێجاریش هەڵویستی جیاوازیان هەبووە. بە دوای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی داد و گەشەپێدان لە تورکیەدا لاپەڕەیەکی نوێ لە پێوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانی نێوان هەر دوو وڵاتدا کرایەوە. ڕێژیمی ئێران بە هۆی ئەوەی کە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە ئەورووپاییەکان بە هۆی پرسی ئەتۆمی زۆر لاواز ببوو، پێویستیی بە پێوەندییەکی باشتر لەگەڵ تورکیەدا هەبوو، بۆیە خۆی بە تورکیە نزیکتر کردەوە و تورکیە بوو بە بازارێکی گەرم بۆ ناردنی نەوت و گازی ئێران و ئێرانیش بوو بە بازارێکی گەرم بۆ شمەکەکانی تورکیە. لە لایەکی دیکەوە هەموو کاتێك هەم تورکیە و هەمیش ئێران، لە سەر نفوزی زیاتر و بە هێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان و پەرەپێدان بە مۆدێل و شێوەی دەسەڵاتدارێتیی خۆیان لە ناوچەکەدا ڕکابەرییان هەبووە، بەڵام تورکیە بەردەوام هەوڵی داوە کە ئەو ڕکابەرییە بە شێوەیێکی شاراوە بێ، چونکە تورکیە لە بواری وزەوە پێویستیی بە ئێران هەیە و ئێران زیاتر لە ١٠٪ی وزەی تورکیە دابین دەکات.

ئەو پێوندییە پڕ لە هەوراز و نشیوەی نێوان هەر دوو وڵات بەدوای گەیشتنی شەپۆلی بەهاری عەرەبی بۆ وڵاتی سووریە، بەرەو ساردبوونەوە ڕۆیشت. بەرژەوەندیی تورکیە کە ئەندامی ناتۆیە و خۆی بە وڵاتێکی ئورووپایی دەزانێ، وەك وڵاتە ئورووپاییەکان دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی بەشار ئەسەد و پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆن دەکا لە حاڵێکدا بەرژەوەندیی ئێران لە پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەددایە. هەر بۆیە سەرەڕای هەوڵی تورکیە بۆ ڕازیکردنی ئێران بە دەستهەڵگرتن لە پشتیوانیکردنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، ڕێژیمی ئێران نە تەنیا دەست لەو سیاسەتە شەڕخوازانەیەی خۆی هەڵناگرێ، بەڵکوو هەموو هێز و توانای خۆی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد خستووتەگەڕ، کە ئەمە پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵاتی بەرەو ساردبوونەوە بردووتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە ڕازیبوونی حکوومەتی تورکیە بە دانانی سەکۆی مووشەکیی پاتریۆت لە نێو خاکی تورکیەدا هێندەیتر ڕێژیمی ئێرانی نیگەران کردووە، چونکە ڕێژیمی ئێران دانانی ئەو سەکۆ مووشەکییە بە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر تەناهیی وڵاتەکەی دەزانێ و تورکیاش ڕایگەیاندووە کە ئامانج لە دانانی ئەو سەکۆ مووشەکییە تەنیا بۆ پاراستنی سنوورەکانی وڵاتەکەیەتی. هەرچەندە کە زۆر لە شارەزایانی سیاسی لەو بڕوایەدان کە دانانی ئەو سەکۆ مووشەکییە بۆ کونترۆڵکردنی جمووجۆڵی هێزەکانی PKK لە لایەك و لاوازکردنی ئیستراتیژیی سەربازیی ئێران بە تایبەتی لە ئەگەری هەر هێرشێکی نیزامی بۆ سەر ئێران لە لایەکی ترەوەیە.

کە وابوو بە هۆی ئەو بیروبۆچوونە جیاوازە سیاسی و ئیدئولوژیکیانەی کە ڕێژیمی ئێران و حکوومەتی تورکیە بە تایبەتی لەمەڕ ئالۆزییەکانی نێو وڵاتی سووریە هەیانە، نە ڕێژیمی ئێران پێداچوونەوە بە سەر ئەو سیاسەتە نەگۆڕەی خۆی لە ئاست کێشەکانی سووریادا دەکات و نە تورکیەش ئامادە دەبێ کە دەست لە پشتیوانیکردنی دژبەرانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد هەڵگرێ. هەر بۆیەش ئەو پێوەندییە پڕ لە هەوراز و نشیوەی نێوان ئێران و تورکیە وێدەچێ سارد و سڕییەکی زیاتر بە خۆیەوە ببینێ و ئاساییبوونەوەی ئەو پێوەندییەش بەستراوەتەوە بە ڕووداوەکانی دوای نەمانی بەشار ئەسەدو هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی نوێ لەو وڵاتەدا، کە بێگومان ئەوکات زۆر لە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکە گۆڕانکارییان بە سەردا دێ.

# جارێکی دیکەش ئێران لە بواری مافی مرۆڤەوە مەحکووم کرا

■ عارف وەلزی

ڕێکەوتی ٢٠ی دێسامبری ساڵی ٢٠١٢ی زایینی، لە دانیشتنی ساڵانەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرك، جارێکی دیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەهۆی پێشێلکردنی بەرینی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان مەحکووم کرا و بەم شێوەیە، کۆمەڵگای جیهانی نیگەرانی خۆی لەمەڕ خراپی ڕەوشی ماڤی مرۆڤ لە ئێراندا دووپات کردەوە.

بە درێژایی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەتاکوو ئێستا بە بەردەوامی، بە شێوەی دڕندانە و لە هەمان کاتدا سیستماتیك و بە بەرنامە مافی مرۆڤ لەم وڵاتەدا پێشێل کراوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە ئەم ڕێژیمە، لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان وەك ڕێژیمێکی سەرکوتکەری مافی مرۆڤ بناسرێت. هەر بۆیە دەبینین کە لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر، جیا لە چەند ساڵێك نەبێت، بە بەردەوامی ساڵانە بڕیارنامەی لەم چەشنەی لەسەر پەسەند کراوە و لە سەر ئاستی نێوخۆ و ناوچە و بگرە جیهانیشدا ریسوا و تەریکتر کراوەتەوە.

لەبەرچاو نەگرتنی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان و ڕەچاونەکردنی یاسا و ڕێسا جیهانییەکان لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ لە لایەك و لەلایەکی ترەوە پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ لە دژی گەلانی ئیران بە مەبەستی کپکردنی دەنگی ئازادیخوازان و جیابیران لە لایەن دەسەڵاتی ڕەهای ویلایەتی فەقیهەوە، بۆتە هۆی ئەوە کە حاکمییەت و دەسەڵات لەو وڵاتدا بگەڕێتەوە نێو بازنەی دواکەوتوویی و سەدە نێوەڕاستی و بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ حوکمڕانی چەند کەسی ئیسلامی بەسەر زیاتر لە ٧٠ ملیۆن خەڵکی ئێراندا بسەپێت. سیاسەتی پێشێلکردنی جاڕنامە جیهانییەکان لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ لە ئێراندا و تەنانەت پێڕەونەکردنی یاساکانی داڕێژراو لە لایەن خودی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمەوە، پێکهێنەری فەزایەك بووە کە تێیدا تەنیا ئەشکەنجە، ئیعدام، بەزاندنی حەریمی تاکەکەسی، لەبەرچاونەگرتنی مافی منداڵان و ژنان، حەزفی فیزیکی نەیاران و جیابیران، زەوتکردنی مافی گەلان و کەمینە ئایینییەکان لە ئێراندا، ڕێگەنەدان بە هەر چەشنە چالاکییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی گرووپ و سەندیکادا، نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین، بوونی بەربڵاوی زیندانی سیاسی، نەبوونی هەڵبژاردنێکی ئازاد، کێشانی بازنە بەدەوری دەنگ و ڕەنگ وچاپەمەنی و بە گشتی ڕاگەیاندندا بە مەبەستی سانسۆر، خراپی بواری دەرمان و پزیشکی، گرانی، برسیەتی ... هتدی بۆ گەلانی بێ دەرەتانی ئیران بە دوای خۆیدا هێناوە و خەڵکی تووشی نەهامەتی و ژیانێکی دژوار کردووە.

پەسەندکردنی وەها بڕیارنامەیەك لەلایەن کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆمەڵگای جیهانی مافی مرڤ لە ئێراندا بە هێند دەگرێ و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەك وڵاتێکی دوورخراو لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، سەیر دەکرێت. بە هەر شێوە ئەم ڕێژیمە ئەگەر بێت و درێژە بەم سیاسەتەی خۆی بدات، هەم لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان لەگەڵ زۆر مەحکووم کردن و ڕەنگە هەڵوێستی بەولاوەتریش ڕووبەڕوو بێتەوە، هەم لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ دژکردەوەی توندی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات، کە هێزی سیاسی و مرۆیی گەلانی ئێران پێك دێنن بەرەوڕوو دەبێتەوە.

## لە روانگەی کۆنگرەوە

# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پڕۆسەی سیاسەتداناندا

## «پێوەندییە سیاسییەکان و ڕاگەیەنەکان»

■ فاتیح ساڵحی

**بەشی سێهەم**

لە سەردەمی هاوچەرخدا، پێوەندییەکان و ڕاگەیەن، چالاکییە جۆرواجۆر کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری لە خۆ دەگرن. لەم نێوانەدا بە ئاڵۆزتربوون و پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان گرینگی پێوەندییەکان و ڕاگەیەن لە ڕەهەندی سیاسیشەوە زێدەتر دەبێ تا ئاستێ کە دەبێ بگوترێ لە هەلومەرجی ئێستادا پێوەندییەکان و ڕاگەیەن هەوێنی سەرەکی ژیانی سیاسییە و بە بێ کەڵکوەرگرتن لە ئامرازە پێوەندییە بەکۆمەڵەکان و ڕاگەیەنە گشتییەکان سیستمە سیاسییەکان ناتوانن نەزم بە کۆمەڵگاکەیان ببەخشن و خەڵك لە بڕیاری سیاسیدا بەشدار بکەن. هەروەها ئەندامانی کۆمەڵگاش بۆ گێڕانی ڕۆڵی چالاك، بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و پێوەندی بەرامبەر بەیەك لەگەڵ سیاسەتڤاناندا، پێویستیان بە ڕاگەیەنە گشتییەکانە. لە پێوەندی سیاسی ئەو شتەی کە گرینگی هەیە کاریگەری لەسەر ڕەفتارە، پێوەندیگەری سیاسی کە لەم جۆرە پێوەندییەدا بە زۆری سیاسەتڤانە هەوڵ دەدات بە کەڵکوەرگرتن لە کەرەستە جیاوازەکانی پێوەندی و بەکارهێنانی یاساکان و تکنیکە پێویستەکان لەسەر بەرهۆیان کاریگەری دابنێ و ئەوە لەگەڵ بەرنامە و ئێستراتێژییەکانی خۆی هاوتەریب و هاوڕێ بکات و بە بەدەستهێنانی هێز و سەرەنجڕاکێشانی بیروڕای گشتی خەڵك، پێگەی خۆی قایم بکات و بازنەی دەسەڵات و هێزی خۆی پەرە پێبدا.

پێوەندیی سیاسی، پێوەندییەکە کە کاریگەریەکی کردەکی یان پەنگخواردووی لەسەر کردەوەی سیستمێکی سیاسی یان هەر بوونێکی سەربەخۆی سیاسی، هەبێت. لە ڕوانگەی مێژووییەوە، کۆنترین توێژینەوەکان لە بورای پێوەندییە سیاسیەکاندا هی بیرمەندانی یوونانی کەونارایە کە «گورجیاس» بەرهەمی بەناوبانگی ئیفلاتوون لە سەرووی هەموویانەوەیە. ئەم کتێبە، کە ئیفلاتوون ناوی سووفیستێکی لە سەر ناوە و لەمەڕ تێکنیکی لێدواندان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، نووسراوە، ئەم بابەتە بە خامەیەکی ڕەخنەگرانە، تاوتوێ دەکات. بەرهەمێکی دیکە لەم بووارەدا کتێبی «شازادە» لە نووسینی نیکۆلۆ ماکیاولی سیاسەتڤان و بیرمەندی ئیتالیاییە. ناوبراو لەم کتێبەدا، باس لە دەسەڵاتە سیاسییەکان و چۆنیەتی پاراستنی ئەو دەسەڵاتانە دەکات و توندئاژۆی دەسەڵاتداران بە پێویستییەك دەزانێ بۆ مانەوە لە حکوومەت و دەسەڵاتدا. بەڵام لە سەدەی شازدەیەمەوە تا سەدەی هەژدەیەم، بە هۆی وەرچەرخانە گەورە کۆمەڵایەتیەکان، وەك چالاکی بڵاوکراوەکان، چوارچێوەی ژیان و ڕووناکبیری لێك ئاڵا.

لەم سەردەمەدا، بیرمەندانێ وەك تووماس هابز، جان لاك و ژان ژاك ڕۆسۆ، بیرۆکەگەلێکی نوێیان لەمەڕ ئازادییە سیاسییەکان هێنایە ئاراوە. وەرچەرخانە ئابوورییەکان و بزووتنەوە سیاسییەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، بەها جیاوازەکانی ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی تێپەڕاند و لەواندا لەرزۆکی و مەترسی پێکهێنا و بوو بە هۆی بیردۆزیگەلێکی سیاسی گرینگ.

لە وەها هەلومەرجێکدا، نووسراوەکانی کەسانێ وەك کارڵ مارکس و جان ئێستوارت میل و... بیچمیان گرت. هەر لەم سەردەمەدا بەرهەمێکی بەناوبانگی دیکە لە ئێستوارت میل لە ژێر ناوی «سیستمی لۆژیك» کە کتێبێکە لە بورای پێوەندییە سیاسیەکانەوە، بڵاو کرایەوە. کتێبێکی دیکە کە لە بواری پێوەندییە سیاسیەکانەوە نووسراوە «دەبێ چ بکرێ»ی لێنینە کە لەوێدا پەرەسەندنی ئامرازە پێوەندییە بەکۆمەڵەکان بە هۆکارێ دەزانێ کە بە هۆی ئەوانەوە دەتوانرێ بەسەر سیستمی کۆمەڵایەتی وەك دیاردەیەکی چاخی نوێدا زاڵ بێت.

بە دەسپێکی سەدەی بیستەم، توێژەرانێکی زۆر لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا وەك ئامریکا، ئینگلیس، یەکیەتی سۆڤیەت و ئاڵمان، لە ڕێگەی شێوەی شیکاریی نیوەڕۆك، لێدوانە گشتیی و سیاسیەکان و بە شێوەیەکی گشتی تەواوی برووسکە سیاسییەکانیان خستە ژێر تاوتوێوە. لە ساڵی ١٩٣٠دا، هارۆڵد لاسوێل، لە شێوەی شیکاریی نیوەڕۆك بۆ هەڵسەنگاندنی بانگەشەی سیاسی و ئاکامەکانی، لەسەر زەمەن و شوێنە جیاوازەکان کەڵکی وەرگرت. «لاسوێل» و «لیبیتز» لە ساڵی ١٩٤٠ بە هاوکاری یەکتر، تیۆرییەکانی شیکاریی نێوەڕۆك و شێوەکانی ئەو شیکارییەیان کۆ کردەوە و لە بورای بانگەشەی سیاسیدا کەڵکیان لێ وەرگرت. «پۆل لازار»یش لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە ساڵی ١٩٤٠دا، لە ڕەوتی تاوتوێکردنێکدا، هەوڵی دا تا هۆکارە کاریگەرەکان لە بڕیاردانی دەنگدەرانی ناوچەی هەڵبژاردنی «ئاری» لە هەرێمی «ئۆهایۆ» دەسنیشان بکات. لەو ڕێکەوتەوە بەدوواوە، تاوتوێکردن لە بورای پێوەندییە سیاسییەکاندا بوو بە باو و بۆ وێنە دەتوانین هێما بکەین بۆ بەرهەمەکانی «کارێل دوویچ» لە مەڕ « شێوازەکانی پێوەندی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا» و « نەتەوەخوازی و پێوەندییە بەکۆمەڵەکان» و « کۆمەڵگای سیاسی لە ئاستی نێونەتەوەییدا».

بەم شێوە لە شەڕی دووهەمی جیهانیەوە تا ئێستا، توێژینەوە لەمەڕ پێوەندییە سیاسییەکان لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا لە لایەن کەسانێ وەك « لووسیەن پای»، «دانییل لێرنێر»، «ریمۆند بۆئێر»، «گابرییێل ئالمۆند» و... زێدەی کرد و تا شوێنێ پێشکەوت کە ئەمڕۆکە پێوەندییە سیاسییەکان وەك یەکێك لە وانەکانی لقی پێوەندییەکان و زانستە سیاسییەکان دێتە ئەژمار.

چەمکناسی پێوەندییە سیاسییەکان

کۆمەڵگا کۆگەگەلێ لە تاکەکانە کە لە پەڕاوگەیەکی هاوبەشدا ژیان دەکەن و دامەزراوەکان، چالاکییەکان و قازانجگەلێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام ئەگەر بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ یەکتردا پێوەندی نەگرن، تەنانەت ناتوانن لە قازانجە هاوبەشەکانی خۆیان ئاگادار بن، چ بگا بەوەیکە بیانهەوێ هەوڵێکی هاوبەشی ئامانجدار بە ئاکام بگەیەنن. بە زۆری دەگوترێ کە بنەمای سیاسەت، شێوازە جۆرواجۆرەکانی پێوەندی بە تایبەتی وتووێژە کە هێما و سەمبۆلی تەعامولی کۆمەڵایەتیە لە نێوان تاکەکاندا. ئەرەستوو خزمایەتی سروشتی سیاسەت و پێوەندی بە فەرمی دەناسێ و شوێنی پێوەندی ئەم دوو بیاڤە بە «زانستی دەربڕین» دەزانێ. ناوبراو لە «زانستی دەربڕین»ی خۆیدا گرینگی وتوویژ و شێوازە جیاوازەکانی پێوەندی ئیقناع بە شێوەیەکی تەکووزمەند لێك دادەتە و شی دەکاتەوە. لە ڕوانگەی ئەرەستووەوە پێوەندی یانی «بەدواداگەڕانی هەموو دەرەتانەکان بۆ ئیقناع» و ئەم واتایە ئەمڕۆکەش تەوەری سەرەکی پێوەندی سیاسی پێك دێنێ. زیاتر لە دوو هەزار ساڵە کە سیاسەت و پێوەندی، بەردەوام دەست لە نێو دەستی یەکتردا کاروبارە جۆرواجۆرەکان بۆ وێنە بیاڤی سیاسیان خستوەتە ژێر ڕکێڤی خۆیان، چونکوو ئەم جووتە بەشە پێویستەکانی سروشتی خووی مرۆڤەکان پیشان دەدەن.

ئەمڕۆکە هەندێ لە توێژەران، بۆ وێنە «دەیوید ئێل سوانسۆن» سەلماندوویانە کە پێوەندییە ساسییەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا کەوشنی پێناسەکراوی سەرەتایی و دامەزراوەیی خۆیان بەزاندووە و پرسیارەکانی پێوەندیدار بەم ڕشتەیە ئەوەندە پەرەی سەندووە کە تیۆرییەکانی ئابووری و لێکۆڵینەوە فەرهەنگیەکانیشان لە خۆ گرتووە. هەروەها زۆریەك لە توێژەرانی زانستە مرۆییەکان، پێوەندییەکان نە تەنیا بە تەوەری سەرەکی خەباتی سیاسی نوێی ئەمڕۆ بەڵکوو بە بنەمای مەعریفەناسی خەباتی سیاسی دەزانن و لەسەر ئەو بڕوایەن کە بە بێ پێوەندییەکان، خەباتی سیاسییەکی ئاگایانە بەڕێوە ناچێ. بە کەڵکوەرگرتن لە پێناسەکان و لێڕوانینگەلێ کە توێژەران لە پێوەندی لەگەڵ پێوەندی سیاسیدا هێناویانەتە گۆڕێ دەتوانرێ بگوترێ کە پێوەندی سیاسی واتە پێوەندیەکی بەئامانج یان ئامانجدار لەمەڕ سیاسەت کە ئەو خاڵانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێ:

١- هەموو شێوازەکانی پێوەندیی سیاسی کە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو لە ژێر ڕکێڤی سیاسەتڤانان و کاراکتێرانی ساسیدان.

٢- هەموو شێوازەکانی پێوەندیی لەمەڕ کاراکتێرانی سیاسی و چالاکییەکانی ئەوان وەك ڕاپۆرتە هەواڵییەکان، سەروتارەکان و هەموو شێوازەکانی پرس و باسە ڕاگەیەنییەکان کە سیاسەت لە خۆ دەگرن.

٣- هەموو شێوازەکانی پێوەندیی کە تاکە غەیرە سیاسییەکان وەك دەنگدەران و نووسەرانی ڕۆژنامەکان بۆ کاراکتێرانی سیاسی بەڕێی دەکەن.

پەیوەندەکانی پێوەندییە سیاسییەکان

پێوەندییە سیاسییەکان، پڕۆسەیەکە کە بە پێی ئەو، لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکاندا، ڕێبەرانی سیاسی لە لایەن شارۆمەندانەوە، لە ڕێگەی ئازادی ڕادەربڕین لە ڕاگەیەنە بەکۆمەڵەکان دەکەونە ژێر کۆنترۆڵەوە و ڕێبەرانی سیاسیش لە ڕێگەی کاناڵە پێوەندییەکان، زانیاریی شارۆمەندان لەمەڕ کاروبارەکانی دەوڵەت دابین دەکەن. لەم جۆرە لە پێوەندی، کە چالاکیەکی بەربڵاو و بەرین بە ئەژمار دێ و دەبێتە هۆی بەڕێوەچوونی تەواوی ڕۆڵە گێڕاوەکان لە سیستمی ساسیدا، پەیوەندگەلێکی جۆرواجۆر بوونیان هەیە کە بریتین لە:

١- ئاڵوگۆڕی برووسکە لە نێوان دەرکەوتەکانی بڕیاردەر و لە نێوان ئەوان و خەڵکانی دیکە،

٢- ئاڵوگۆڕی برووسکە لە نێوان دەرکەوتەکانی بڕیاردەر و کۆی خەڵك لە ڕێگەی لێدوانە تلفزیۆنییەکان، نووسراوەکان لەگەڵ نوێنەراندا، لێدواندەریی هەڵبژاردن و دەنگەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکان،

٣- ناڕەزایەتییە گشتییەکان لە هەمبەر دانانی یاساکان، باجەکان و... و وەڵامەکانی حکوومەت بەم ناڕەزایەتییانە،

٤- یادداشتەکانی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان لەگەڵ یەکتردا و شایەتیدانی کاربەڕێوەبەرانی دەوڵەتی لە مەجلیسدا،

٥- بەشێك لە ئاڵوگۆڕە زانیارییەکان لە نێوان ئەندامانی ڕێکخراوە دەوڵەتی و ناحکوومییەکان، بنەماڵە و... کە لایەنی سیاسییان هەیە،

٦- ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان ئەندامانی ڕێکخراوە سیاسییەکان یان دەوڵەت.

ئەم پڕۆسە بنەڕەتییە کە کردەوەی سیاسی و خستنەڕوویی سیاسی لە ڕێگەی ئەوەوە بەڕێوە دەچێ، وەك ڕێگەی بیچمگرتنی گرووپە سیاسییەکان کە هەوڵیان لە پێناو کاریگەریدانان لەسەر سیاسەتدانانە گشتییەکانی وڵاتدایە، ڕۆڵێکی گرینگیان لە کۆمەڵگاکاندا لە ئەستۆیە.

توخمەکانی پێوەندی سیاسی

پێوەندی سیاسی خاوەنی توخمگەلێکی بیچمدەرە کە ناسینیان یارمەتیدەر دەبێ بۆ تاوتوێکردنی پێوەندی سیاسییەکان. ئەم توخمانە بریتین لە:

١- برووسکەدەر (نێردەر): هەر تاکێ یان گرووپێ کە لە پێناو کاریگەریدانان لەسەر ڕێبازی دەوڵەت کار دەکات، برووسکەدەرێکی سیاسییە. جۆرە سەرەکییەکانی وەها برووسکەدەرانێ لە کۆمەڵگا سیاسییە نوێیەکان بریتین لە: حیزبە سیاسییەکان، گرووپەکانی گوشار، شۆراکان و نووسینگەی پێوەندییە گشتییەکان و کۆمەڵێکی دیکەی وەك ئەمانە. هەروەها پێوەندییە گشتییەکانی ڕێکخراوە دەوڵەتی و ناحکوومییەکانیش بەدوای کارتێکەری لەسەر بیروڕای گشتی کۆمەڵگاوەن.

٢- برووسکە: برووسکەدەران، هەوڵ دەدەن بە یارمەتی برووسکە ( وشە، وێنە، نووسراوە و...)، ئەو بیرەیان کە لە مێشکدایە، بگوازنەوە بۆ زەینی وەرگران و خەڵك. برووسکەدەران پڕۆسەی پێوەندی و ئیقناع بە ناردنی برووسکە دەست پێدەکەن. هەر برووسکەیەك لە سیمبۆلگەلی جیاوازی وشە، وێنە، دەنگ و جوولەی دەست و دەموچاو و... پێك دێ و برووسکەدەران تێدەکۆشن بە یارمەتی ئەوان بیروبۆچوون و بیروڕای خۆیان بۆ زەینی وەرگرانی تایبەتیی خۆیان بگوازنەوە.

٣- ڕاگەیەن: ئەم توخمە، وەك کاناڵی گواستنەوەی برووسکە، برووسکە بە بەرهۆ دەگەیەنێ. لە سەردەمی ئێستادا، تلفزیۆن، ڕادیۆ و ڕۆژنامە، زیاترین بەرهۆ و زیاترین کارتێکەری سیاسییان هەیە. برووسکدەران ناچارن لە ڕاگەیەنەکان کەڵك وەربگرن و ڕێگەیەك بۆ گواستنەوەی برووسکەکانیان بۆ بەرهۆیان بدۆزنەوە. ڕێگەگەلێکی جیاواز وەك وتووێژی تایبەتی و فەیس توو فەیس بۆ گواستنەوەی برووسکە بوونیان هەیە بۆ نموونە پرس و باسەکان و وتووێژە سیاسییەکان. بەڵام لە پێوەندی سیاسیدا سەروکاری برووسکەدەران و چالاکانی سیاسی بە زۆری لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکان و پێوەندییە بەکۆمەڵەکانە تا لەم ڕێگەیەوە بتوانن لەسەر بەرهۆیانی بەربڵاوی خۆیان زیاترین کاریگەری بەجێ بێڵێن.

٤- بەرهۆ: وەرگری برووسکە یان بەرهۆ، تاك یان گرووپێکە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ برووسکەی سیاسی وەردەگرێ و زانست، حەز و ئاگایی وەرگری برووسکە، لەو هۆکارانەن کە لەسەر شوێنوەرگری بەرهۆ کاریگەرن. ئەم خاڵە (پێوەندی سیاسی) بە شێوەیەکی گشتی بەرسەرەنجی پانتایی حەشیمەتیی کۆمەڵگا یان شارۆمەندانە.

٥- دژکردەوە: هەر پێوەندییەکی سیاسی بە مەبەستی پێکهێنانی جۆرێك دژکردەوە لە بەرهۆدا بەڕێوە دەچێ. قۆناغەکانی شوێنوەرگریی بەرهۆ لە بەرامبەر برووسکەیەکی سیاسیدا کە پێوەندیی سیاسی دەگوازێتەوە دەتوانێ بەم شێوەیە بێ:

١- بیرکردنەوەی بەرهۆ لەهەمبەر بابەتەکە،

٢- گۆڕینی بیروبڕوای بەرهۆی برووسکە،

٣- پتەوترکردنی بیروبڕوا لە بەرهۆدا، بەئامرازی دووبارەکردنەوەی برووسکە و بەڵگەهێنانەوەی نێردەر، و...

٤- دنەدانی بەرهۆ بۆ ئەنجاندانی کارێکی کردەکی، لەسەر بنەمای بیروبڕوایەکی نوێ.

دامەزراوە کاریگەرەکان لە پێوەندییە سیاسییەکاندا

بۆ پێوەندییە سیاسییەکان لە دامەزراوەگەلێکی گرینگ کەڵك وەردەگیردرێ کە بەشێکیان بریتین لە:

١- ڕێکخراوەکان: حیزبەکان، یەکیەتییە سێنفییەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، کە توانای پێکەوە گرێدانی دەرکەوتەکان، وردەدەرکەوتەکان و بەشگەلێکی بەربڵاو لە گرووپی شارۆمەندانیان هەیە، هەموویان لە ڕێگەی پێوەندیی سیاسییەوە کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ.

٢- گرووپەکان: ئەو گرووپانەی کە بە شێوەیەکی بەرتەسکتر دەتوانن لەگەڵ خەڵکدا پێوەندی بگرن دەتوانن لە پڕۆسەی پێوەندیی سیاسیدا کەڵکیان لێ وەربگیردرێ.

٣- کاناڵە تایبەتییەکان: بۆ نموونە دامەزراوەگەلێکی دیکە کە بۆ پێوەندیی سیاسی کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ خۆپیشاندانەکان و ڕووداوگەلێکی تایبەتین کە لە پێناو ڕوونکردنەوە و کۆکردنەوەی سەرەنجی گشتی، لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا بە کار دەبردرێن.

٤- ڕاگەیەنە گشتییەکان: ڕاگەیەنە گشتییەکان وەك بڵاوکراوەکان، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، ماهوارە و... لە پێوەندییە سیاسییەکاندا کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ. لەم ڕاگەیەننانە هەم بۆ بەتواناکردنی دەرکەوتەکان بۆ وتووێژ لەگەڵ یەکتر و هەم بۆ پەیوەست بوونی دەرکەوتەکان بە زنجیرەگەلێکی دیکە وەك تۆڕە نێوانتاکییەکان، ڕێکخراوەکان و... کەڵك وەردەگیردرێ.

کۆتایی بەشی سێهەم

« ئەم بابەتە لە ژمارەی داهاتووشدا درێژەی دەبێ تا ڕۆڵی ڕاگەیەنەکان لە پێوەندییە سیاسییەکان و پڕۆسەی سیاسەتداناندا ڕوون بکاتەوە.»

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 596 ▪ 5 Jan 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

# لە ساڵی ٢٠١٣دا ڤایرۆسی مەترسیدار هەڕەشە لە جیهانی تێکنولۆژی دەکات



توێژینەوەیەکی نوێ هۆشداری داوە ساڵی نوێ ساڵێکی پڕ ڤایرۆس و جەنگی ئەلیکترۆنی دەبێت.
هەروەها هۆشداری داوە کە لە ڕێگەی ڕێکلامەوە هێرشێکی زۆر دەکرێتە سەر ئەو کەسانەی مۆبایل بەکاردەهێنن و ڕوونیکردووەتەوە کە ١٤٠ پرۆگرامی تایبەت هەیە کە ڤایرۆس بەناوی ڕێکلامەوە ئاراستەی مۆبایلەکان دەکەن.
بە پێی ئەو ڕاپۆرتە کە، تۆڕی سیمانتیك ئەنجامیداوە، ساڵی داهاتوو بواری تێکنۆلۆژیا ڕووبەڕووی هەڕەشەی ئاشکرا دەبێتەوە کە کاریگەریی گەورەی لەسەر ئەو بوارە دەبێت و لە پێشەوەی ئەو هەڕەشانە دزینی پەسوۆرد و چوونەبەرگی کەسانی ترەوە بە تایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.
توێژینەوەکە، هۆشداری دەدات لە دەرکەوتنی دوو هێندەی چەتەگەری لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و داوا دەکات بەکاربەرەکان هەردەم ئاگایان لە پەسوۆرد و ناونیشانی پەیجەکانی خۆیان بێت.

# خواردنی یەک هێلکەی تەواو لە ڕۆژێکدا ئاستی چەوری لە خوێندا ڕێکدەخات



توێژینەوەیەکی نوێی ئەمریکایی سەلماندوویەتی کە خواردنی یەك هێلکەی تەواو دەتوانێ بڕی چەوری لە خوێندا ڕێکبخات و یارمەتیدەرە بۆ ڕێژیمی خۆراکیی.
سێ چارەکی دانیشتوانی ئەمریکا نەخۆشی قەڵەوییان هەیە کە لە پاڵیدا تووشی چەندین کێشەی دیکەی وەك دابەزینی ئاستی کۆلێسترۆڵ و گەورەبوونی ناوچەی کەمەر و بەرزبوونەوەی شەکر لە خوێندا و پەستانی خوێنیان هەیە.
ئەو کەسانەی ئەو کێشەیەیان هەیە، بە زۆری تووشی نەخۆشی شەکرە و دڵ دەبن.
زۆر کەس بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆلێسترۆڵ واز لە خواردنی هێلکە دێنن، بەڵام ئەو توێژینەوەیە پێچەوانەی ئەوەی سەلماندووە.
توێژەران ژمارەیەك نەخۆشیان دابەشی سەر دوو گرووپ کرد کە گرووپێکیان ڕۆژانە ٣ هێلکەیان دەخوارد و ئەویتریان هیچ هێلکەیان نەدەخوارد.
دوای تێپەڕبوونی سێ هەفتە توێژەران بۆیان دەرکەوت کە خواردنی ئەو بڕە زۆرەی هێلکە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر زیادبوونی کۆلێسترۆڵی خراپ لە خوێندا نەبووە.
هەروەها کەسانی گرووپی یەکەم بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلێسترۆڵی باش و دابەزینی چەوری نێو خوێنیان بەخۆوە بینی.
توێژینەوەکە دەڵێ خواردنی یەك هێلکە لە ڕۆژێکدا ١٣ جۆر کانزا و پێکهاتەی خۆراکی بەلەش دەگەیەنێت کە زۆرینەیان لە زەردێنەی هێلکەدان.

# گرانترین تەڵاق لە مێژووی ئیتاڵیا تۆمار کرا



دوای سێ ساڵ شکایەت و شکایەتکاری، گرانترین جیابوونەوە (تەڵاق)ی مێژووی ئیتالیا تۆمار کرا. «سیلڤیۆ بێرلۆسکۆنی» سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئیتالیا ڕازی بوو ڕۆژانە ١٠٠ هەزار یۆرۆ نەفەقە بداتە ژنی پێشووی «ڤێرۆنیکا لاریۆ».
بەپێی هەواڵێکی «یورۆنیوز»، خاتوو لاریۆ کە پێشتر ئەکتەری سینەما و تەلەڤزیۆن بوو، ٢٢ ساڵ پێش شووی بە بێرلۆسکۆنی کرد و نزیکەی ٣٠ ساڵ لەگەڵی ژیا و سێ منداڵی لێی هەیە.
دوای ئەوەیکە لە ساڵی ٢٠٠٩، پەیوەندیی نێوان سەرۆك وەزیرانی پێشوو و کچێکی ١٧ساڵەی بە ڕەگەز مەراکیشی بە ناوی «ڕۆبی»، هەڵای دروست کرد، لاریۆ داوای تەڵاقی لە بێرلۆسکۆنی کرد.
پێشتر ڤێرۆنیکا لاریۆ داوای مانگانە ٣,٥ ملیۆن یۆرۆ نەفەقەی کردبوو، بەڵام دواتر هەردوولا لەسەر مانگانە ٣ ملیۆن یۆرۆ ڕێککەوتن.

## زایەڵە

فاتێح ساڵحی

### مانگە پڕ لە قەیرانەکان

بارودۆخی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامی بە باوەڕی زۆریەك لە شارەزایانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لەچاو ساڵانی ڕابردووی دەسەڵاتداری ئەم ڕێژیمە، بارودۆخێکی نالەبار و لە جاران هەستیارترە. بارودۆخی سیاسی ڕێژیم بە هۆی شەڕەنگێزییەکانی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئیسلامی و ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان بۆ مانەوە و پاراستنی دەسەڵاتەکەیان وڵاتی ئێرانی زیاتر لە هەر بڕگەیەکی زەمەنی تووشی ئاڵۆزی و قەیران کردووە. ناکۆکی نێوان باڵەکانی ڕێژیم و داهاتووی سیاسی ئەم ڕێژیمە بە هۆی دابڕان و لێکترازانی مۆرەکانی ڕێژیم لەگەڵ یەکتردا چەندین پرسیار لە زەینی هەر تاکێکدا درووست دەکات کە وەڵامدانەوەیان پێویستی بە کاتە و دەبێ چاوەڕوان بین تا بزانین لە چەند مانگی داهاتوودا پێکهاتەی سیاسی ئەم ڕێژیمە وەك ساڵانی پێشوو و بە تایبەتی وەك ڕووداوەکانی چوار ساڵی ڕابردوو تووشی بشێوی دەبێت یان نا؟ ئەمانە هەموویان لەحاڵێکدایە کە هەر یەك لە کاربەدەستانی ڕێژیم ئێستاکە بە هۆی ئاڵۆزی و بشێوی سیستمی سیاسی حکوومەتی ئیسلامی ئێران تووشی تاکەڕەوی بوون و پرس و باسەکانی نێوان ئۆسوولگەراکان و تەنانەت تا ڕادەیەك چاکسازیخوازەکانی نێو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرۆك کۆماری لە بەهاری داهاتوودا ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە تان و پۆی سیستمی دەسەڵاتداری لە حکوومەتی ئیسلامی ئێراندا بەرەبەرە بەرو هەڵوەشاندنەوە دەڕوات و زۆر دوور نییە کە شەڕەدەنووکی نێو باڵەکانی ڕێژیم ئەمجارەیان ریزەکانی ئۆسوولگەراکان و نزیکەکانی ڕێبەری ڕێژیم واتە خامنەییش بگرێتەوە.
لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیشەوە، کۆمەڵگای ئێران تووشی دەیان دیاردەی نوێی کۆمەڵایەتی بووە کە هەرکامیان دەتوانن شیرازەی ژیانی بنەماڵەیی و تاکەکەسی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران تووشی بشێوی بکەن. زێدەبوونی ئاماری تەڵاق لەم مانگانەی دواییدا بە پێی ڕاگەیاندنی ناوەندە فەرمییەکانی خودی حکوومەت و زێدەبوونی بەرچاوی ڕادەی تووشبووان بە مادەسڕکەرەکان و پەرەسەندنی دیاردەگەلێ وەك باجگیری و شەڕفرۆشی، سواڵکردن و پێکەوە ژیانی نایاسای بە بێ ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری و دەسدرێژی جینسی و دەیان دیاردەی دزێوی دیکە، هەموویان باس لە قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی دەکەن کە ئێستاکە کۆمەڵگای ئێران بە دەستیانەوە دەناڵێنێ و چاوەڕوان دەکرێت لە مانگەکانی داهاتووشدا ئاماری هەرکام لەم دیاردە کۆمەڵایەتیانە زێدەبوون بە خۆیەوە ببینێ.
جگە لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی ئێران ئەو شتەی کە زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە لە ئێرانی ئەمڕۆدا دەکەوێتە بەرچاو و بەردەوام لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا باسی لێوە دەکرێ، بارودۆخی نالەباری ئابووری ڕێژیم و کەمداهاتیی خەڵکانی بێ دەرەتانی ئێرانە کە تەنگی بە ژیانی بنەماڵەکان و تاکەکان هەڵچنیوە و وێناچێ کە ئەم دۆخە نالەبارە لە مانگەکانی داهاتووشدا بەرەو چاکە بڕوات. بەڵکوو بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی ئێستای ئێران و هەڵکەوتەی ئەم ڕێژیمە لە ناوچەکە و ئاستی نێونەتەوەییشدا، پێشبینی دەکرێ کە قەیرانی ئابووری لە ئێراندا لە داهاتوویەکی نە ئەوەندە دووردا، وەك بۆمبێ بتەقێتەوە، تا شوێنێ کە کۆشکی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە داڕمێنێ و مۆمی تەمەنیان بکوژێنێتەوە.